گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper16
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 2024/08/28
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 2024/10/24
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 2025/02/28

# كاریگەری ڕەهەندی نێودەوڵەتی لە سەر پرسی تایوان: هەڵوێستی فەرمیی كۆماری میللیی چین و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە نمونە

ڕەوا ملا نبی محمود[1] - ئارام احمد وسو[2]
rawa.mala@uor.edu.krd aram.ahmad@uor.edu.krd
[1+2]بەشی یاسا، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە:**
قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهانی پێشهاتی نوێی لەسەر گۆڕەپانی چین بەدوای خۆیدا هێنا، پێشهاتەكە نوێنەرایەتی شەڕێكی ناوخۆیی دەكرد لە نێوان پارتی كۆمۆنیستی چین بە سەرۆكایەتی ماو تسیتۆنگ و پارتی ناسیۆنالیستی چین (كومینتانگ) بە سەرۆكایەتی چان كای شێک. شەڕەكە بە سەركەوتنی كۆمۆنیستەكان و دامەزراندنی كۆماری میللی چین لە پەكینی پایتەخت لە ساڵی ١٩٤٩ كۆتایی هات. شێک و لایەنگرانیشی پەنایان بۆ تایوان برد و كۆماری چینیان لە تایپەی پایتەخت ڕاگەیاند. لەوكاتەوە تایوان خۆی بە خاوەندارێتیی یاسایی و شەرعیی تەواوی خاكی چین هەژمار دەكات. لە بەرانبەردا چین هەوڵی گەڕاندنەوەی تایوان بۆ ژێر سەروەری نیشتمانی خۆی دەدات بە پێی سیاسەتی "یەک وڵات؛ دو سیستەم". ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاش پاڵپشتی لە تایوان دەكات و هەوڵ دەدات بەرژەوەندییەكانی خۆی لە ناوچەكە بپارێزێت. ئەم توێژینەوەیە ناونیشان كراوە بە (كاریگەری ڕەهەندی نێودەوڵەتی لە سەر پرسی تایوان: هەڵوێستی فەرمیی كۆماری میللی چین و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە نمونە)، تیایدا باس لە هەڵوێستی فەرمیی لایەنە پەیوەندارەكان دەكات سەبارەت بە پرسی تایوان. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە تایوان دەكەوێتە ناوچەیەكی ستراتیژی گرنگ، هەر گۆڕانكارییەک لە دۆخی ئێستایدا دەبێتە هۆی هەڕەشە لە هاوسەنگی ناوچەكەدا. توێژینەوەكە وەڵامی چەند پرسیارێكی گرنگ دەداتەوە: ئایا پرسی تایوان پرسێكی ناوخۆییە وەک ئەوەی چین بانگەشەی بۆ دەكات یان پرسێكی نێودەوڵەتییە؟ هەڵوێستی فەرمیی چین و ئەمریكا تایبەت بە پرسی تایوان چۆن و بە چ شێوازێكە؟ توێژینەوەكە لە سەر ئەم گریمانەیە دەوەستێت كە ڕەهەندی نێودەوڵەتی كاریگەری دیاری هەیە لە سەر پرسی تایوان و پرسەكەی لە پرسێكی ناوخۆییەوە بۆ پرسێكی نێودەولەتی گۆڕیوە. بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار و گریمانەی توێژینەوەكە، لە ڕێگەی میتۆدی مێژویی و وەسفی- شیكاری هەروەها لە ژێر ڕۆشنایی تێزەكانی تیۆری ڕیالیزمی نوێ و بە پشتبەستن بە ئەدەبیاتی كتێبخانەیی، لە دوتوێی چوار باسی جیادا، جگە لە خستنەڕوی پوختەیەكی مێژویی تایبەت بە گەشەسەندنی پرسی تایوان، گەنگەشەی گرنگترین میكانیزمەكانی چارەسەریی پرسەكە دەكات و لەگەڵ هەڵوێستی تایوان، هەڵوێستی فەرمیی كۆماری میللی چین و ئەمریكاش تایبەت بە پرسی تایوان دەخاتە ڕو. لە كۆتاییدا توێژینەوەكە بە دەرەنجامێكی سەرەكی دەگات كە پرسی تایوان هەرچەندە لەلایەن كۆماری میللی چینەوە پرسێكی ناوخۆییە و لە ڕێگەی بنەمای "یەک وڵات و دو سیستەم" هەوڵی چارەسەركردنی دەدات، بەڵام بەشداری كارای ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ڕوداوەكانی ناوچەكە، وایكردوە پرسەكە ڕەهەندێكی نێودەوڵەتی وەربگرێت.
**كلیلە وشەكان:** تایوان، پرسی تایوان، كۆماری چین، كۆماری میللی چین، ئەمریكا.

## پێشەکی:

### ناساندنی توێژینەوەکە:

تایوان وەک کێشە و پرسێکی سیاسیی لە دوای ساڵی ١٩٤٥وە قوڵبونەوەی زیاتری بەخۆیەوە بینی، بە تایبەت کاتێک ناکۆکییەکانیان لەسەر شێوازی حوکمرانیی دەستپێکرد و شەڕی ناوخۆ لە نێوان دەسەڵاتی چین و شیوعییەکانی وڵات هەڵگیرسا و دوای چوار ساڵ لە شەڕێکی سەخت و دژوار و لە ساڵی ١٩٤٩ شەڕەکە بە شکستی دەسەڵاتدارانی چین و سەرکەوتنی شیوعییەکان کۆتاییهات. ئیتر تەواوی دارودەستەکەی حکومەتی ئەوکاتی چین لەگەڵ ئەوانەی دژی شیوعییەکان بون بەرەو دورگەی تایوان ڕایانکرد. لەوکاتەوە تایوان خۆی حوکمی خۆی دەکات، بەڵام چین دەڵێت ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تایوان ڕاگەیاندنی جەنگە دژی ئێمە. بۆیە وڵاتانی دیکە بە ئەمریکاشەوە لە بەر چین نەیانتوانیوە دان بە سەربەخۆیی تایواندا بنێن. تا ئێستاش ناوی فەرمی تایوان "کۆماری چین"ە و ناوی فەرمی چینیش "کۆماری میللی چین"ە.

پرسی تایوان لەگەڵ ئەو گرنگیە زۆرەی هەیەتی، کاریگەری گەورەشی لەسەر هاوسەنگی ستراتیژیی لە ناوچەی ئاسیا و زەریای هێمندا هەیە، بە تایبەت هاوسەنگی ستراتیژیی نێوان چین لە لایەک و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەسەروشیانەوە ژاپۆن و فیلیپین لەلایەکی دیکەوە. بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی هاوبەش و کێبڕکێی نێوان ئەم دەوڵەتانە لەم ناوچەیەدا، تایوان دەکەوێتە ناوچەیەکی ستراتیژیی گرنگەوە، هەر گۆڕانکارییەک لە دۆخی ئێستای ئەم وڵاتە هەڕەشە لە هاوسەنگی هێزی ناوچەکە دەکات (یونس، ٢٠١٥: ١٥٥).

بۆ وڵاتێکی وەک چین، تایوان نوێنەرایەتی ناوچەیەکی گرنگ دەکات و لە ئەگەری هەنگاونانی تایوان بەرەو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەوا چین هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازیی دەکات. چونکە تایوان بنکەیەکی گرنگ و ستراتیژییە بۆ ئەگەری ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی دژی چین. لە لایەکی دیکەشەوە، تایوان گرنگییەکی جیۆستراتیژیی هەیە و دەکەوێتە نێوان دەریاکانی باشور و ڕۆژهەڵاتی چینەوە (القیصر،٢٠١٧: ٨٨).

### کێشەی توێژینەوەکە:

گومانی تێدا نییە پرسی تایوان جگە لە پرسێکی ناوخۆیی تایبەت بە چین، لە هەمان کاتدا پرسێکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندی سەر گۆڕەپانی هەرێمی و نێودەوڵەتیشە. لە لایەک چین پرسەکە بە پرسێکی نیشتیمانیی و ناوخۆیی تایبەت بە گەل و کۆماری میللی چین دەیبینێت و بانگەشەی بۆ دەکات، لە لایەکی دیکەشەوە پرسی تایوان لە ژێر ڕۆشنایی یاسا نێودەوڵەتییەکان و هاوسەنگییە جیۆپۆلیتیکییەکان تایبەتمەندی نێودەوڵەتی وەرگرتوە، بە تایبەت کە ئەمریکا سەبارەت بەم پرسە خاوەنی دیدگا و هەڵوێستی فەرمیی خۆیەتی.

### گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پرسی تایوان یەکێکە لە پرسە هەرە گرنگ و هەستیارەکانی سەر گۆڕەپانی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش. لە لایەک تایوان خۆی بە خاوەنی ڕاستەقینەی چین دادەنێت و لە لایەکی دیکەشەوە چین، تایوان بە هەرێمێک لە خۆی دادەنێت و هەوڵی ئەوە دەدات بیگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی. بۆیە تایوان و چین ناکۆکی قوڵ لە نێوانیاندا هەیە و هەڕەشە لە یەکتر دەکەن. گرنگییەکی دیکەی توێژینەوەکە بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە پرس و کێشەی تایوان چوارچێوەی هەرێمیی و ناوچەیی تێپەڕاندوە و بوەتە پرسێکی نێودەوڵەتیی بە هۆی ئەوەی وڵاتانی دیکە بە تایبەت ئەمریکا هاتونەتە ناو کێشەکە و هەوڵی ئەوە دەدەن بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەو ناوچەیە بپارێزن و پەرەپێبدەن. ئەمە جگە لەوەی توێژینەوەکە پرسێک تاوتوێ دەکات لە ئاستی زانستیی و ئەکادیمییدا؛ بە زمانی کوردی توێژینەوەی پێویستی لە بارەوە نەکر

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە ڕێگە لە بەردەم یەکێک لە گرنگترین پرس و بابەتەکانی سیاسەتی دەرەوەی چین کە لەلایەن جەیمس ڕۆزنۆوە (James Rosenow) بە "کێشەی مەیدانی" ناوزەددەکرێت، بکاتەوە بۆ تێگەیشتنێکی هەمەجۆر و فرەڕەهەند دەربارەی پرسی تایوان. هاوکات دەیەوێت بۆچونێکی لۆژیکی گشتگیری پەیوەندار بە مێژوی تایوان و بارودۆخی ئێستای ناوچەکە و پاشان ڕۆڵی هێزە جیهانیی و هەرێمییەکان بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە پەرەسەندنی پرسەکە و شێواز و لۆژیکی ئارامگرتنی ستراتیژییانەی چین بۆ گەڕاندنەوە و وەرگرتنەوەی دورگەی تایوان دروست بکات.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی پرسیارێکی جەوهەریی بداتەوە، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە ئایا پرسی تایوان پرس و کێشەیەکی ناوخۆییە وەک ئەوەی چین بانگەشەی بۆ دەکات یان پرس و کێشەیەکی نێودەوڵەتییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، توێژینەوەکە چەندین پرسیاری دیکەی لاوەکیی دەوروژێنێت و وەڵامی زانستییانەشیان دەداتەوە: مەبەست لە پرسی تایوان چییە؟ گرنگی جیۆپۆلەتیکیی و جیۆسیاسیی تایوان لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟ هەڵوێستی تایوان چییە سەبارەت بە کێشەکانی لەگەڵ چین؟ میکانیزم و ڕێکارەکانی چۆنییەتی چارەسەرکردنی پرسەکە چین؟ هەڵوێست و بۆچونی فەرمی چین و ئەمریکا تایبەت بە پرسی تایوان چۆن و بە چ شێوازێکە؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکییەکانی پەیوەست بە کێشەی توێژینەوەکە و بە دیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانی؛ توێژینەوەکە پشت بە چەند گریمانەیەکی سەرەکی پەیوەندار بە پرسی تایوان دەبەستێت، لەوانە؛ پرسی تایوان نەک تەنیا وەک کێشەیەک لە چوارچێوەی سیاسەتی ناوخۆیی چیندا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو وەک کێشەیەکی نێودەوڵەتیش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کە داواکاری تایوان بۆ دانپێدانانی نێودەوڵەتی و سەربەخۆیی لەخۆ بگرێت. پێگەی ستراتیژی تایوان کاریگەرییەکی گرینگی لەسەر هاوسەنگی سەربازیی و ئابوریی و سیاسیی لە ناوچەی ئاسیا و زەریای هێمن هەیە. هەروەها تایوان لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین هەڵوێستێکی ڕووەو سەربەخۆیی دەگرێتەبەر، کە هاوکاتە لەگەڵ هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانی زیاتر لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. چارەسەری پرسی تایوان لە ڕێگەی دانوستان و وتوێژی ئاشتیانە لە چوارچێوەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی مومکینە. ئەم پرۆسەیە لە کاتێکدا دەبێت ئەنجام بدرێت کە ڕێز لە ئیرادەی هەردو گەلی چین و تایوان بگیرێت. لە کاتێکدا چین تایوان وەک بەشێکی دانەبڕاو لە خۆی دەبینێت، لە بەرانبەردا سیاسەتی "نارونی ستراتیژی" ئەمریکا بەرانبەر بە تایوان ئامانجی پاراستنی هاوسەنگییە لە ناوچەکەدا بە پێشکەشکردنی پشتیوانی ناڕاستەوخۆ بۆ تایوان.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە پشت بە هەریەک لە میتۆدی مێژوویی و وەسفی - شیکاری سیاسیی هەروەها تیۆری ڕیالیزمی نوێ دەبەستێت لە باسەکانیدا و لەسەر ئەو بنەمایەش، کتێب و توێژینەوە سیاسییەکان، بەڵگەنامە یاساییەکان، ڕێکەوتننامە و پەیماننامە پەیوەندارەکان، تیۆر و بۆچونی شارەزا و لێکۆڵەران و سەرکردە و ناوەندە سیاسییەکان ڕون دەکاتەوە بە مەبەستی دەستخستنی وەڵامی گونجاو پەیوەست بە کێشە و ئامانج و پرسیار و گریمانەی توێژینەوەکە، لە کۆتایشدا دەرەنجامێکی سیاسیی و زانستیی دەخاتە بەردەست.

**سنوری توێژینەوەکە:**

هەرچەندە پرسی تایوان بابەتێکی فرەڕەهەند و هەمە لایەنەیە، بەڵام جەختی ئەم توێژینەوە زیاتر لەسەر پرسی تایوانە وەک پرسێکی سیاسیی و ستراتیژیی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٩-٢٠٢٤)، لەم نێوەندەشدا جگە لە پاشخانی مێژوویی پرسەکە و فاکتەرە ئابورییەکان، گرنگی تایبەت بە بۆچونە فەرمییەکانی لایەنەکانی پرسەکە دەدات، لەو پێناوەشدا جگە لە هەڵوێستی ڕەسمیی تایوان بەرانبەر بە پرسی دورگەکەی، هەڵسەنگاندنی ورد و زانستیش بۆ هەڵوێستی هەریەک لە وڵاتانی چین و ئەمریکا دەکات و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان تایبەت بەو پرسە دەخاتەڕو.

**توێژینەوەکانی پێشو:**

کۆمەڵێک توێژینەوە لە سەرەتای سەرهەڵدانی پرسی تایوان تاکو سەردەمی ئێستا بونی هەیە، بەڵام ئەم توێژینەوانە سنوردارن بە ڕەهەندی (تایوانی ، چینی، ئەمریکی)، واتە یەک ڕەهەندن و هەمەلایەنە نین. بۆ نمونە، ئەو لێکۆڵینەوە و بابەتانەی کە لەلایەن لایەنی تایوانەوە دەرچون، لە ڕوانگەی تایوانەوە مامەڵەیان لەگەڵ پرسەکەدا کردوە، بەهەمان شێوە ئەو لێکۆڵینەوە و بابەتانەی کە لەلایەن لایەنی چینەوە دەرچون، لە ڕوانگەی چینییەوە مامەڵەیان لەگەڵ پرسەکەدا کردوە. هەروەها زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوە و وتارانەی نوسەرانی ڕۆژئاوا بڵاویان کردۆتەوە، لە دیدگای هەڵوێستی وڵاتەکانیان لەسەر پرسەکە لایەنگری تایوانیان کردوە. بەڵام ئەم توێژینەوەیە بەدیدێکی هاوسەنگ هەڵوێستی فەرمی هەرسێ لایەن (تایوان، کۆماری میللی چین، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا) لەسەر پرسەکە ڕوندەکاتەوە، کۆگیرییەکی ڕەهەندەکانی خستۆتە ڕو. لە گرینگترین توێژینەوەکانی پێشو:

- توێژینەوەی انس عادل الخنوس ساڵی ٢٠٠٣ بەناونیشانی (تایوان: دراسة في الجغرافية السياسية)، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی بەغدا. توێژەر لەم توێژینەوەدا هەستاوە بە شیکردنەوەی تایبەتمەندییە سروشتی و مرۆییەکانی تایوان کە کاریگەری گەورەی لەسەر پێگەی جیۆپۆلیتیکی تایوان دروستکردوە، هەروەها شرۆڤەی تایبەتمەندییە ئابورییەکانی تایوانی کردوە، کە بۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکی هێزی ئەم وڵاتە، ئەمە جگە لە باسکردنی ڕیشەی مێژوویی پرسی تایوان و خوێندنەوەیەکی ئایندەیی بۆ پێگەی جیۆپۆلیتیکی تایوان.

- توێژینەوەی صباح جاسم محمد الجنابي ساڵی ٢٠٢١ بەناونیشانی (أثر المتغير الجيوبوليتيكي في السياسة الخارجية الصينية تجاه تايوان)، سەنتەری دیموکراسی عەرەبی – ئەڵمانیا. توێژەر لەم توێژینەوەدا هەستاوە بە شیکردنەوەی گۆڕاوە جیۆپۆلەتیکییەکان وەک یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان کە کاریگەری لەسەر دیاریکردنی گرنگی ستراتیژی هەر وڵاتێک هەیە، بەو پێیەی ڕوبەر و شوێنی جوگرافی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە پێوانەکردنی هێزی دەوڵەت لە ڕوی (سیاسی، ئابوری، سەربازی، ئاسایشیی). تویژەر لەم توێژینەوەیەدا باس لە گرینکترین بنەماکان و میکانیزمەکانی بریاردان دەکات لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری میللی چین، هەروەها لێکۆڵینەوە لە گرنگی پرسی تایوان لە سیاسەتی دەرەکی کۆماری میللی چین لەلایەک، لە لایەکی تر، شرۆڤەی ئەگەرەکانی داهاتوی سیاسەتی دەرەکی کۆماری میللی چین دەکات بەرانبەر تایوان.

- توێژینەوەی Roman Stepar ساڵی ٢٠٢٠ بەناونیشانی (China’s Sharp Power: How China Seeks to Influence and Coerce its Neighbors) Faculty Of Social Sciences, Charles University. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا باس لە چەمکی هێزی تیژی چین دەکات وەک دواین جۆری شێوەی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە؛ هیزی تیژی چین چییە و چۆن بەکاردێت. پاشان ئەوە ڕون دەکاتەوە کە چین چەندین ستراتیژی جیاوازی هەیە بەرانبەر دەوڵەتان بەکاریدێنێت. یەکێک لەم دەوڵەتانەی ناو توێژینەوەکە تایوانە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەندین ستراتیژی جیاوازی وەک ( مێژو، کەلتور، گرنگی جوگرافی، فشاری ئابوری، ڕەوەندی چینی ) هەوڵی گێرانەوەی تایوان دەدات بۆ ناو نیشتیمانی دایک کە کۆماری میللی چینە.

- توێژینەوەی أحمد جلال محمود عبده ساڵی ٢٠٢٢ بەناونیشانی (أثر الأزمة التايوانية على التوازن الاستراتيجي في شرقي آسيا: العلاقات الصينية الأمريكية ٢٠١٦ - ٢٠٢٢ : دراسة حالة )، گۆڤاری کۆلێژی سیاسەت و ئابوری، زانکۆی سوێس. توێژەر لەم توێژینەوەدا تیشکی خستۆتە سەر قەیرانی تایوان، کە یەکێکە لە قەیرانە کۆنەکانی جیهانی مۆدێرن، بەجۆرێک ئەم قەیرانە هۆکاری ڕوداوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە، لە لایەکی تر توێژینەوەکە شرۆڤەی ڕەنگدانەوەی قەیرانی تایوان لە سەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین دەکات، سەرەنجام ئەم ڕەنگدانەوانە کار لە سەر ستراتیژی بنیاتنانی هاوپەیمانی نوێی ئەمریکا لە ئاسیا دەکات.

- توێژینەوەی Enes M. Doğanlar ساڵی ٢٠٢١ بەناونیشانی ( Neorealist Teori Bağlaminda Çin Diş Politika Stratejilerinin Değerlendirmesi) پەیمانگەی توێژینەوەی یەکێتی ئەوروپا و پەیوەندییەنێودەڵەتییەکان، زانکۆی باشکێنت. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵیداوە سیاسەتی دەرەوەی چین لە ڕوانگەی تیۆری ڕیالیزمی نوی شیبکاتەوە. لەم چوارچێوەیەدا، دوای ئەوەی ستراتیژی گەورەی چینی دەخاتە ڕو؛ باس لە دیپلۆماسیەتی تەڵەی قەرزی چین لە ئەفریقا، سیاسەتی یەک چین، کاریگەریی ڕکابەریی مێژویی لەسەر پەیوەندییەکانی چین و ژاپۆن، بانگەشەی سەروەری لە دەریای باشوری چین، پرسەکانی (تایوان، تبت، هۆنگ کۆنگ، تورکمانستانی ڕۆژهەڵات)، شیدەکاتەوە. لەکۆتایشدا بە ئاماژەدان بەو تێگەیشتنەی کە "چین لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا ڕێبازێکی واقیعی شەڕانگێزانە پەیرەو دەکات" کۆتایی بە توێژینەوەکەی دێنێت.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە، پێشەکی و دەرەنجامەکان لە چوار باسی سەرەکی پێکدێت، بەم شێوەیە: باسی یەکەم: تیۆری ڕیالیزمی نوێ و پرسی تایوان، باسی دوەم: پرسی تایوان و هەڵوێستی فەرمیی تایوان لە بارەیەوە، باسی سێیەم: کاریگەری ڕەهەندی نێودەوڵەتی لە سەر پرسی تایوان؛ هەڵوێستی فەرمیی چین و ئەمریکا بە نمونە، باسی چوارەم: ئایندەی سیاسەتی چین و ئەمریکا بەرانبەر تایوان.

**باسی یەکەم : تیۆری ڕیالیزمی نوێ و پرسی تایوان**

**داواکراوی یەکەم: قوتابخانەی ڕیالیزم**

بە گشتی تیۆری ڕیالیزم لە چەند ئاراستە و مۆدێلێکی جیاواز پێکهاتوە، کە لە میانەیدا ژمارەیەکی زۆر تیۆرست فرەچەشنیان پیشانداوە. تێزەکانی قوتابخانەی ڕیالیزم هەمیشە باڵادەستبون لە بارەی شێواز و هونەری حکومرانێتی و چۆنێتی پارێزگاریکردن لە مانەوەی خود لە دۆخی سروشتیدا هەروەك تۆماس هۆبز ئاماژەی بۆکردوە دۆخی سروشتی دۆخێکە کە هیچ کەسێک دۆستی کەسێکی دیکە نییە و هەموان لە جەنگێکدان دژی یەکدی و لەمیانەی ئەم دۆخە سروشتییەدا مانەوە ئامانجێکی پلە باڵایە. مۆدێلی ڕیالیزم مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (سیو سیدیدس) مێژونوسی جەنگەکانی پلۆپۆنیزی (٤٣١-٤٠٤ پ.ز) و لۆژیکی سیاسەتی هێز، ناوبراو ئاماژەی بەوە کردوە کە "بەهێزەکان ئەوە دەکەن کە دەخوازن ئەنجامی بدەن، لاوازەکانیش ئازار دەچێژن کە پێویستە بیچێژن" (بەرزنجی و علی، ٢٠٢٢: ٦٥). لەچاخی نوێدا و لە سەدەی شانزدەوە بە دیاریکراوی لە سەردەمی ماکیاڤیلییەوە تیۆری ڕیالیزم باڵی کێشا بو بەسەر دیبەیتی نێوان بیرمەندە ڕۆژئاواییەکاندا، تەنانەت وایلێهات، کەلتوری ڕیالیزم و میراتەکەی بون بە خاڵی ڕەهابونی ناوەندی لە تیۆر و پراکتیکدا بۆ هاوبەشییەکانی ڕۆژئاوا لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

تیۆری ڕیالیزم لەماوەی دوای جەنگی دوەمی جیهانی تۆکمەیی و خۆگرتوییەکی گەورەی بەدەستهێنا و بەردی بناغەی داکوتا بەشێوەیەک ڕیالیزم بو بە مۆدێلی مەعریفی لە لیکۆڵینەوەی دیاردە نێودەوڵەتییەکان ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی تواناکانی لە لێکدانەوەی هۆکارەکانی هەڵگیرسانی جەنگ. هەژمونی تیۆری ڕیالیزم بە سەر گریمانە و دەسپێکی توێژینەوەکاندا لە ماوەی جەنگی سارد بە فراوانی بەردەوام بو. نوسینی بیرمەندەکان لە نمونەی "ئیدوارد کار" و "هانس مۆرگنساو" و تێزە سیاسییەکان لە نمونەی "جۆرج کینان" و "هینری کیسنجەر" و چەندانی دیکە ڕۆڵێکی گەورەیان لەم هەژمونە بینی.

لەم چوارچێوەیەدا زۆربەی تیوریستانی ڕیالیستی وەڵامێکی ڕاستەوخۆیان پێیە سەبارەت بە کێشەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی کە خۆی دەبینێتەوە لە نەبونی دەسەڵاتێکی ناوەندی کاریگەر بەرانبەر بە سیستەمێکی هیرارکی لەچوارچێوەی حکومەتەکاندا کە بەرگری لە سنورەکانیان دەکەن. لە ڕێگەی سەپاندنی یاساکان و پارێزگاریکردن لەهاوولاتیانیان کارێك دەکەن سیاسەتی ناوخۆیی سەقامگیرتر بێت و لە ڕوی جۆرێتیەوە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی جیاواز بیت (بەرزنجی و علی، ٢٠٢٢: ٦٥). بەشێوەیەکی گشتی تیۆری ڕیالیزم خاوەنی کۆمەڵێک بنەمای تیۆری و گریمانەیە لەبارەی پەیوەندی دەوڵەت بە سیستەمی نێودەوڵەتی و کاریگەری ئەم سیستەمە لە سەر دەرکردنی بریارەکانی دەوڵەت، گریمانەکانیش بریتیین لە (Forde, 1-160 :1995: 14

١. دەوڵەت ئەکتەری سەرەکییە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا (Main actor).

٢. دەوڵەت ئەکتەرێکی یەکگرتوە و پارچە پارچە ناکریت (Actor unified).

٣. بریار بەدەستانی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت ئەکتەری عەقڵانین (Rational actor).

٤. تایبەتمەندی و سروشتی ژینگەی نێودەوڵەتی، ژینگەیەکی پاشاگەردانییە (Anarchy sistem).

٥. ئامانجی سەرەکی هەمو دەوڵەتێک هەوڵدان بۆ مانەوەیە (Survival).

٦. هیچ دەوڵەتێک جیگەی متمانە پێکردن نییە، تەنیا خودهاریکاری هەیە (Self- help).

بە کورتی دەتوانین بڵێین تیۆرسێنانی قوتابخانەی ڕیالیزم بە هەمو مۆدێلە جیاوازییەکانیانەوە کۆک و هاودەنگن لەسەر پرەنسیپەکانی سەرەوە، بۆنمونە، تیۆری یەکەم، ڕیالیزمی کلاسیک، تیۆری دوەم، ڕیالیزمی نوێ، تیۆری سێیەم، قوتابخانەی ئینگلیزی، تیۆری چوارەم ڕیالیزمی بونیادی، تیۆری پێنجەم، تیۆری سەقامگیری هەژمون. بەجۆرێک هەمو ئەم تیۆرانە خاوەنی بیرمەندی ناسراوی خۆیانن. بەڵام توێژینەوەکە بە پێویستی زانی تەرکیز بکاتە سەر تیۆری ڕیالیزمی نوێ وەک مۆدێلێک بۆ شیکردنەوەی سیستەمی نێودەڵەتی.

داواکراوی دوەم: بنەما گشتییەکانی تیۆری ڕیالیزمی نوێ وەک مۆدێلێکی سەرەکی بۆ شیکرنەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی

تیۆری ڕیالیزمی نوێ بەرەنجامی بەرەو پێشچونی گریمانە تیۆرییەکانی پێش خۆیەتی لە نمونەی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیک لە چوارچێوەی بیری قوتابخانەی ڕیالیزمدا، لێرەدا ئەوەی گرنگە ئاماژە و شیکردنەوەی بۆ بکەین تیۆری ڕیالیزمی نوێیە کە لە بنەرەتدا درێژەپێدەری ڕەوتی شیکردنەوەکانی مۆدێلی پێشخۆیەتی. بەواتایەکی تر، تیۆری ڕیالیزمی نوێ لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا وەک وەڵامێک بۆ سنوردابونی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیک و ئەم ڕەخنانەی لەم تیۆرە گیران، هاتەکایەوە. ڕیالیزمی نوێ جەخت لەسەر پەیکەر و پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی دەکاتەوە وەک چوارچێوەیەک بۆ ڕەفتاری دەوڵەتەکان لە جیاتی سروشتی مرۆڤ و بەهەند وەرگرتنی ئەم سروشتە (Aydın, 2004: 47-49). لە ئەنجامدا تیۆری ڕیالیزمی نوێ و چەمکە بنەڕەتییەکانی ئەم تیۆرە لەلایەن (کینیز والتز) لە کتێبی تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی (١٩٧٩) هاتە کایەوە ( :Waltz, 2015 7). دواجار دەکرێت بڵێین کە تێزە تیۆرییەکانی ڕیالیزمی نوێ بریتین لە (حسین، ٢٠١٨: ٢٨٦-٢٨٧):

١. پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی پێکهاتەیەکی پاشاگەردانیی و فەوزەوییە، تایبەتمەندە بە نەبونی دەسەڵاتی ڕەهای باڵا لە ناو سیستەمەکە. لە هەمان کاتدا شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە تەواوەتی بریتییە لە ململانێی نێوان دەوڵەتان لە پێناو مانەوە.

٢. لەو پانتاییە پاشاگەردانییەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەوڵەتان زیاتر بە دوای زیادکردنی هێزی خۆیانن لە پێناو مانەوەیاندا. لێرەدا هێز ئامرازێکە بۆ دەستەبەرکردنی مانەوە وەک سەرەکیترین ئامانجی دەوڵەتان.

٣. مانەوە لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتی ئامانجی سەرەکی و باڵای دەوڵەتەکانە، هەر بەم هۆیەشەوە بەردەوام لە کارلێکە نێودەوڵەتییەکاندا فاکتەری نەبونی ئاسایش زاڵ و باڵادەستە. باشترین ڕێکاریش بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش و مانەوەی دەوڵەت ڕێکار و ئامرازی پشت بە خۆ بەستن و یارمەتیدانی خودە.

٤. هەمو کات ئەگەری ڕودانی جەنگ لە ئارادایە، باڵاترین ئامرازی پێشگرتن و مانەوە و ئاسایش لە سیستەمی نێودەوڵەتی، هێزی سەربازی و چەکی ئەتۆمییە. بۆیە دەوڵەتانیش بەردەوام هەوڵی خۆ بەهێزکردن دەدەن.

به سەرنجدان لە بنەماکانی سەرەوە لە ڕیالیزمی نوێدا، سروشتی سیستەمی نێودەوڵەتی خاڵی دەسپێکی لێکۆڵینەوەیە لە پرسە ئاسایشییەکان، پاشگەردانی چەمکێکی ناوەندییە لەسەر ئەم بنەمایە هەریەک لە یەکەکەنی سیستەمی نێودەوڵەتی بەرپرسی ئاسایشی خۆیانن و دەوڵەتان بەدواداچون بۆ ئامانجە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیان دەکەن. بەڵام ئامانج و بەرژەوەندی دەوڵەتان هاوتەریب نییە لەگەڵ یەکتری، بۆیە ئەمەش ناکۆکی و پێکدادان دروستدەکات، لە بارودۆخێکی وەهادا ناکۆکییەکان یان بە ڕێککەوتن یان بە هێز چارەسەر دەکرێن، بۆیە دەوڵەتان بۆ ئەوەی ئاسایشیان هەبێت دەبێت هەمیشە ئامادە بن کە بە هێز وەڵام بدەنەوە (قادر، ٢٠٢٠: ٤٠).

به بڕوای واڵتز ئامانجی هەمو دەوڵەتان مانەوەیە و لەسەروی هەمو شتێکەوە بە دوای بەرجەستەکردنی ئاسایشەوەن. واڵتز پێی وایە پێکهاتەی پاشاگەردانی سیستەمی نیودەوڵەتی وادەکات دەوڵەتان ئاسایشخواز بن و ناچارن لە سەر بەدەستهێنانی هێز ململانێ بکەن. چونکە هێز باشترین ئامرازی مانەوەیە. بۆیە بە بڕوای "واڵتز" بەهۆی پاشاگەردانی سیستەمی نێودەوڵەتی دەوڵەتان هەوڵ دەدەن هاوسەنگی هێز بپارێزن (Waltz, 2000: 5-7).

لە نیوەی دوەمی سەدەی ڕابردودا، دابەشبونێکی بەرچاو لە ناو قوتابخانەی ڕیالیستەکاندا ڕویدا. دابەشبونەکە ڕیالیزمی بەرگری و هێرشبەری لێهاتە بەرهەم، هەرچەندە بنەما سەرەکییەکانی هەردو مۆدێلی ڕیالیزم لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هەڵگری گریمانەن، بەڵام ئەوان ڕێبازگەلێکیان خستەڕو کە لە بنەڕەتدا گەیشتنە ئەنجامێکی جیاواز. بە واتایەکی تر، سەبارەت بە چۆنیەتی خوێندنەوەی پرسی ئاسایش و تا چ ڕادەیەک "دەوڵەت" یاخود سیستەمی نێودەوڵەتی وەک پێکهاتە و بکەر زاڵترە لەوەی دیکە، دەبینین دو ئاراستەی سەرەکی لەناو تیۆری ڕیالیزمی نوێدا هەیە:

یەکەم: ڕیالیزمی بەرگریکارانە (Defensive Realism): لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە هێز ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە، چونکە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا سیاسەتی هاوسەنگی هەیە، بەکارهینانی هێزیش بۆ پاراستنی دۆخی ئێستا بەکاردێت نەک گۆڕینی(Waltz, 2025: 238). لەم چوارچێوەیەدا یەکێک لە گرینگترین تیۆرسێنەکانی تیۆری ڕیالیزمی بەرگیریکار "ستێفان واڵت" باس لە تیۆری "هاوسەنگی هەڕەشە" دەکات و، پێیوایە دەوڵەتان کاردانەوەیان تەنیا لە هەمبەر هەڕەشەکان نییە، بەڵکو ئەوان کاردانەوەیان لەسەر بنەمای تێگەیشتنیانە لە هەڕەشەکان. بۆیە مەترسی دەوڵەتان بۆ سەر یەکتری نەک لە سەر بنەمای هێز دەبێت بەڵکو لەسەر بنەمای نزیکی جوگرافی، ئاستی هێز، تواناکان، نیەتی هێرشبەرانە دەبێت (قادر، ٢٠٢٠: ٤٢).

به واتایەکی دیکە، بە هۆی گرفتەکانی بابەتی هاوسەنگی هێز و چۆنیەتی خوێندنەوەی بابەتی ئاسایش، ئەوە هیز نییە کە کرۆکی ناوەندیی دڵەراوکێ ئاسایشییەکانە، بەڵکو ئەوە هەستکردن بە هەڕەشەیە بۆیە ئەکتەرەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی

خۆیان لە بەرانبەر هێزی هەڕەشەکەر دو ستراتیژی هاوسەنگی و شوێنکەوتویی دەگرنەبەر. ئەمەش لەبەرانبەر هێزی هەڕەشەکەر یاخود شوێنکەوتن و ملکەچبون بۆ هێزی هەڕەشەکەر (Walt, 1986: 110-111). هەر بۆیە تەنیا هەبونی هێز گرنگ نییە، فاکتەرەکانی تریش وەک نییەت، تێگەشتن لە هەڕەشە بۆ ئاسایشی دەوڵەتان، دروستکردنی هاوپەیمانێتی، دوژمنایەتی گرنگن. چونکە بە بروای والت تێگەیشتنی ئەکتەرەکان لە یەکتری وەکو هەڕەشەیە، کە کاریگەری لەسەر پرسەکانی ئاسایش هەیە نەک تەنیا هێز و توانای سەربازی وڵاتان (Walt, 1986: 116).

بەکورتی دەکرێت بڵێین؛ گریمانەیەکی بەهێز نییە لەبارەی سیستەمی نێودەوڵەتی، چونکە لەم تیۆرەدا تەنیا لە کاتی هەبونی هەڕەشە دەرەکییەکاندا دەوڵەت دەیەوێت خۆی بپارێزێت و ئاسایشی خۆی پارێزراوتر بکات، لە کاتێکدا چەمکی ئاسایش چەمکێکی گۆڕاو و جێگیر نییە و لاستیکییە (Rose, 1998: 150).

دوەم: ڕیالیزمی هێرشبەرانە (Offensive realism): گرنگترین تیۆرسێن لەم تیۆرەدا جۆن میرشایمەرە کە وەک زۆربەی زانایانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی نەوەی خۆی، بە قوڵی لە ژێر کاریگەریی کینێس والتز دامەزرێنەری تیۆری نیوریالیزم دایە، میرشایمەر پێی وایە سروستی سیستەمی نێودەوڵەتی دەبێتە هۆی دروستبونی هەڕەشە و ململانێ. هەروەها ئاسایش وەک کاڵایەکی نایاب دەبێتە هۆی کێبرکێی نێودەوڵەتی و دروستبونی تەنگەژەی نێودەوڵەتی، بۆیە دەوڵەتان بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆیان ستراتیژی هێرشبەرانە دەگرنەبەر، ئەمەش کاردانەوەی دەوڵەتانی تر بەدوای خۆیدا دێنێت و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی تەنگەژەی ئاسایشی نێوان دەوڵەتان (قادر، ٢٠٢٠؛ ٤٢). میرشایمەر لە بەرهەمەکەیدا بە ناوی (The Tragedy Of Great Power Politics) لە ساڵی ٢٠٠١ سەبارەت بە ڕیالیزمی هێرشبەرانە بوێرانە بەرگری لە گریمانەکانی دەکات کە بریتین لە (Mearsheimer, 2001: 2):

١. سیستەمی نێودەوڵەتی پاشاگەردانییە (هیچ دەسەڵاتێک نییە کە لە سەروی دەوڵەتەکانەوە هەبێت بۆ ناوبژیوانی ناکۆکییەکانیان).

٢. هەمو دەوڵەتەکان هەندێک توانای سەربازییان هەیە (هەرچەندە سنوردار بێت).

٣. زلهێزەکان هەرگیز ناتوانن دڵنیابن لە مەبەستی یەکتر. مەبەستی دەوڵەتان دەتوانێت بە خێرایی بگۆڕێت، بەجۆرێک کە مەبەستی دەوڵەتەکان ڕۆژێک مامناوەند بێت و ڕۆژێکی دیکە دوژمنکارانە بێت.

٤. بۆ زلهێزە گەورەکان مانەوە ئامانجی کۆتاییە، ئاسایش گرنگترین ئامانجە.

٥. دەوڵەتەکان ئەکتەرێکی عەقڵانین کە هەوڵ دەدەن بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەرەو پێش ببەن.

میرشایمەر لەم باوەڕەدایە دەوڵەتە گەورەکان هەوڵی هەژمون بە سەر ناوچەکانی خۆیاندا دەدەن، لە هەمانکاتدا سورن لەسەر ئەوەی کە هیچ کام لە دەوڵەتە گەورە ڕکابەرەکانیتر زاڵ نەبن بەسەرناوچەیتردا. ئامانجی بنچینەیی هەر هێزێکی گەورە زیادکردنی بەشەکەی خۆیەتی لە هەژمونی جیهانی تا ئەوپەری سنور. لە کۆتاییشدا زاڵبون بەسەر سیستەمەکەدا. هەر هێزێکی گەورەش جۆرێک لە وزەی سەربازی شەرانگێزی هەیە، دەتوانن ئازاری یەکتر بدەن، باشترین ڕێگە بۆ بەردەوام بون لە سیستەمێکی ئاوادا بریتییە لە بەهێزبون بە گوێرەی توانا لە چاو دەوڵەتانی ڕکابەردا. هەتا دەوڵەت بەهێزتر بێت ئەگەری دوچار بونی بە هێرشی دەوڵەتانی تر لاواز دەبێت (فەرەج، ٢٠١٨: ٢٣٨).

لای میرشایمەر پرسیار ئەوەیە ئایا لە توانای دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە ژمارە و چڕی ململانێ توندوتیژەکانی نێوان دەوڵەتان کەم بکەنەوە؟ وەڵامی دڵنیایی میرشایمەر ئەوەیە کە دامەزراوەکان لەسەر کۆمەڵێک بەرژەوەندی خۆیی هێزە گەورەکان بونیاتنراون، وایدەبینێت کە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان ئاستی هەرەخوارەوەی کاریگەریان لەسەر ڕەفتاری دەوڵەتان

هەیە، کێشەی سەرەکی لای ئەو پەیوەندییە ئاسایشییەکانە، لەم چوارچێوەیەدا پێیوایە؛ هاریکاری نێوان دەوڵەتان سنوربەندی خۆی هەیە، هەر بڕێک لە هاریکاری بە دور دەزانرێت (Mersheimer, 1995: 7-9).

لەکۆتاییدا میرشایمەر دەڵێت؛ ئەو وێنەیەی کێشاومانە جوان نییە، خۆزگە بمانتوانیبوایە چیرۆکی گەشبینانەتر سەبارەت بە ئایندە بگێڕمەوە، بەڵام سیاسەتی نێودەوڵەتی بوارێکی پیس و مەترسیدارە. هەمو نیەتە باشەکان ناتوانێت سنور بۆ ئەو ڕکابەرییە ئاسایشییە توندە دابنێت، کە لەگەڵ دەرکەوتنی هێزێکی هەژمونداری بەرزخوازی نوێ لە ئاسیا دێتە کایەوە (میرشایمر، ٢٠٠٥: ٤٢). دەتوانین ئەوەی پێشو لەبارەی ڕیالیزمی بەرگریکارانە و ڕیالیزمی هیرشبەرانە لە خشتەیەکدا بەم شێوەیە پوخت بکەینەوە:

| ڕیالیزمی بەرگریکار | ڕیالیزمی هیرشبەر |
|---|---|
| پاراستنی بڕی پێویست لە هێز، پاراستنی پێگە لە سیستەم | بەدەستهێنانی زۆرترین هێز لە پێناو مانەوەدا |
| پاشاگەردانی، هانی دەوڵەتان دەدات بۆ پارستنی هاوسەنگی هێز | پاشاگەردانی، هانی دەوڵەتەکان دەدات بەشێوەیەکی هێرشبەرانە مامەڵە بکەن |
| لەهەندێ خاڵدا بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان دەوڵەتاندا هەیە | هیچ بەرژەوەندییەکی هاوبەش لەنێوان دەوڵەتەکاندا نییە |
| دەوڵەتان هێزێکی گۆڕانکار نین، لەگەڵ مانەوەی دۆخی باودان | دەوڵەتان بەدوای گۆڕانکارین لە بارودۆخی سیستەمی نێودەوڵەتیدا |
| لە بونیادی سیستەمی نیودەوڵەتیدا ئاسایش کەمە، بەڵام دەگمەن نییە | لەبونیادی سیستەمی نیودەوڵەتیدا ئاسایش دەگمەنە |
| دەوڵەتان هەوڵی بەدەستهێنانی ئەوپەڕی ئاسایش نادەن | دەوڵەتان هەوڵی بەدەستهێنانی ئەوپەڕی ئاسایش دەدەن |
| لە سیاسەتی نێودەوڵەتی ململانێی هەمیشەیی پێویست نییە | لە سیاسەتی نێودەوڵەتی ململانێی هەمیشەیی پێویستە |
| نەهێشتنی نادڵنیایی لە ترس و نیەتەکان بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست | نەهێشتنی نادڵنیایی لە ترس و نیەتەکان لە ڕێگەی هێرشەوە |

سەرچاوە: خشتەکە لە لایەن توێژەران بە پشتبەستن بە تێزەکانی مێر شایمەر و کینیز واڵتز ئامادەکراوە.

لە کۆتایدا وەک ئەنجام دەکرێت بڵێین: ڕیالیزمی بەرگری، بە پێچەوانەی ڕیالیزمی هێرشبەر، ئەوە پیشان دەدات کە دەوڵەتەکان بە پلەی یەکەم بەدوای ئاسایشدا دەگەڕێن نەک زۆرترین هێز و زۆرجار سیاسەتگەلێک پەیرەو دەکەن کە یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی دۆخی ئێستا نەک تێکدانی. لەم ڕوانگەیەوە، پێدەچێت واڵت لە پرسی تایوان نزیک بێتەوە بە جەختکردنەوە لەسەر ئەو ڕێگایانەی کە هەردو چین و ئەمریکا بەهۆی پێویستی دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆیانەوە پاڵدەنرێن، نەک فراوانکردنی هێز بۆ باڵادەستی.

ڕوانگەی واڵت هاندەری بەشداریکردنی دیپلۆماسی و خۆگرتنی ستراتیژی دەبێت وەک ڕێگەیەک بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان. پێدەچێت ئەو بڵێت پەیوەندییەکی ڕون سەبارەت بە مەبەستەکان و پابەند بون بە دۆخی ئێستا (پاراستنی سەربەخۆیی دیفاکتۆی تایوان بەبێ پاڵنانی سەربەخۆیی) باشتر خزمەت بە هەردو بەرژەوەندی ئەمنیی ئەمریکا و چین دەکات لە هەڵوێستی سەربازی. بە کورتی ڕوانگەی ڕیالیستی بەرگریکارانەی واڵت سێگۆشەی ئەمریکا-چین-تایوان بە هۆی نیگەرانییە ئەمنییەکانەوە دەبینێت نەک دەست بەسەرداگرتنی شەڕانگێزی هێز. بۆ واڵت، پاراستنی هاوسەنگییەکی جێگیر لە هێز و دورکەوتنەوە لە ئیستفزازی ناپێویست کلیلی بەڕێوەبردنی ئەم پرسە ئاڵۆزەیە (Doğanlar, 2021: 42).

بەڵام لە ڕیالیزمی هێرشبەرییدا میرشایمەر باوەڕی وایە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی چین تەحەدایەکی بەرچاو بۆ هەژمونی ئەمریکا دروست دەکات و، ئەگەری ململانێی نێوانیان زیاتر دەکات. لە ڕوانگەی میرشایمەردا لەگەڵ هەوڵی زیادکردن و فراوانکردنی کاریگەرییەکانی چین لە ناوچەکە، ئەگەری کردەی شەڕانگێزانە سەبارەت بە تایوان لە لایەن چینەوە زیاتر و کراوەتر

دەبێت. میرشایمەر پێشبینی دەکات کە ڕەنگە ئەمریکا وەڵامی جددی هەبێت لە ڕێگەی بەهێزکردنی هاوپەیمانییەتەکانی و بونی پێگە و بنکەی سەربازی بۆ ڕاگرتنی بەرژەوەندیی و سیاسەتەکانی چین لەم ناوچەیەدا، ئەمەش وادەکات گرژییەکان زیاتر و قوڵتر ببنەوە. بە تایبەت کە پرسی تایوان نمونەی کێبڕکێی ستراتیژییە لە ناوچەکەدا، چونکە هەردو وڵات بەرژەوەندی ناکۆک و دژیەکیان هەیە، چین ئامانجی یەکگرتنەوەیە و ئەمریکاش پشتگیری لە سەربەخۆیی تایوان دەکات (Mearsheimer, 2001: 29-54).

**باسی دوەم: پرسی تایوان و هەڵوێستی فەرمیی تایوان لە بارەیەوە**

**داواکراوی یەکەم: گەشەسەندنی مێژویی پرسی تایوان**

تایوان دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لە کەناری باشوری ڕۆژهەڵاتی چین و باکوری فلیپین و پایەتەختەکەی تایپییە لە دورگەی فۆرمۆسا و ژمارەیەک دورگەی بچوکتر پێکهاتوە، (The Year Book Of Taiwan, 2016: 10). لە تەنیشت ئەمانەوە "پیکادۆرێس"، "کینمەن"، "ماتسۆ" و "دورگە بچوکەکانی تر" هەن. زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە نەتەوەی هان پێکدێن (عثمان، ٢٠١٢: ٥١-٥٢).

چین بە پشتبەستن بە دەقێک، کە ١٧٠٠ ساڵ لەمەوبەر نوسراوە و کۆنترین تۆماری مێژویی تایوانە لە جیهاندا، بانگەشەی ئەوە دەکات، تایوان هەر لە کۆنەوە هی ئەوان بوە. هەرچەندە لە ساڵی ١٦٢٤ هۆڵەندا باشوری تایوانی داگیرکرد و ئیسپانیا لە ساڵی ١٦٢٦ باکوری تایوانی داگیر کرد. پاشان هۆڵەندا لە ساڵی ١٦٤٢دا بە داگیرکردنی باکوری تایوان شوێنی ئیسپانیای گرتەوە. ئەم دۆخە تا ساڵی ١٦٦١ بەردەوام بو، ساڵێک دواتر چینییەکان بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ (چێنگ ژێنگتۆنگ) بەرەو تایوان پێشڕەوییان کرد و کۆلۆنیالیستە هۆڵەندییەکانیان لەوێ دەرکرد (مسألة تايوان وإعادة توحيد الصين، ١٩٩٣: ٤).

لە ساڵی ١٨٩٤ ژاپۆن شەڕی دژی چین دەستپێکرد و سەرکەوتو بو لە داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی تایوان بە پەیمانی شیمۆنۆسکی کە لە ساڵی ١٨٩٥ لە نێوان چین و ژاپۆن واژۆ کرا(Carpenter, 2006: 25) . بەپێی ئەم ڕێککەوتنە، چین تایوانی ڕادەستی ژاپۆن کرد. دواتر لە ساڵی١٩٤٥ و لەگەڵ شکستی ژاپۆن لە جەنگی دوەمی جیهانی، تایوان سەروەری خۆی بۆ گەڕایەوە (مسألة تايوان وإعادة توحيد الصين،١٩٩٣: ٥).

دوای خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆن لە جەنگی دوەمی جیهانی، شەڕێکی ناوخۆیی لە نێوان پارتی کۆمۆنیستی چین بە ڕێبەرایەتی ماو زی تۆنگ و پارتی ناسیۆنالیستی چین (کۆمینتانگ) بە ڕێبەرایەتی چیانگ کای شێک، دەستپێکرد. لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری میللی چین لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە لە ساڵی ١٩٤٩ کە پایەتەختەکەی پەکین بو، چیانگ و لایەنگرانی پەنایان بۆ تایوان برد و دامەزراندنی کۆماری چینیان ڕاگەیاند و تایپەیان وەک پایەتەخت ناساند. لەو کاتەوە چین هەوڵی یەکگرتنەوەی وڵاتەکەی دەدات. لە ژێر ڕۆشنایی بنەمای "یەک وڵات و دو سیستەم" کە پارتی کۆمۆنیستی چین لە ساڵانی هەشتاکانەوە جێبەجێی کردوە و داوای چارەسەری بنەڕەتی کێشەی تایوان دەکات، لەو نێوەندەشدا سەرکەوتو بو لە وەرگرتنەوەی هۆنگ کۆنگ لە ساڵی ١٩٩٧ کە لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بو و گێڕانەوەی ماکاو لە ساڵی ١٩٩٩، کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی پورتوگالدا بو. بە پێچەوانەی چەمکی ڕۆژئاوایی "یەک دەوڵەت - نەتەوەیی و یەک سیستەم"، هەڵوێستی چین سەبارەت بە سەروەری پەیوەستە بە چەمکی کۆنفۆشیۆسی کۆن، کە "هاوئاهەنگی لەگەڵ جیاوازی"یە (جيا، ٢٠١٧: ١٤٩).

دوابەدوای دامەزراندنی کۆماری میللی چین لە ساڵی ١٩٤٩، ئەمریکا سیاسەتی گۆشەگیرکردن و گەمارۆدانی چینی پەیرەوکرد و دەستوەردانی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردولای گەروی تایواندا کرد، کە چین وەک بابەتی ناوخۆیی خۆی دەیبینی. ئەمریکا لە کانونی دوەمی ساڵی ١٩٥٤ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تایوان "ڕێککەوتننامەی بەرگری هاوبەش"ی واژۆ کرد و

خستیە ژێر پاراستنی خۆیەوە. ئەم هەنگاوە بوە هۆی گرژی و ئاڵۆزی لە پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئەمریکا و پرسی تایوان بوە بابەتێکی زۆر هەستیار لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردو وڵاتدا. لە ساڵی ١٩٥٧ هێزی حەوتەمی دەریایی ئەمریکا گەیشتە گەروی تایوان و فیرقەی ١٣ی ئاسمانی هێزەکانی ئەمریکا چونە ناو تایوان و تیایدا جێگیر بون (محەممەد، ٢٠١٧: ٤٢٨).

بەرژەوەندی ئەمەریکا لە سنوردارکردنی پێگەی چین لە ناوچەی ئاسیا و زەریای هێمن لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەگەری ئەوە هەیە چین هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بکات لە ناوچەکەدا. بۆچونێکی گشتی هەیە پێیوایە چین لە چەند ساڵی نزیکی داهاتودا دەگاتە ئەو ئاستەی کێبڕکێ و تەحەدای دەسەڵاتی ئەمریکا بکات. لەم چوارچێوەیەدا ئەمریکا پرسی تایوانی بەکارهێنا بۆ دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی چین. لە ساڵی ١٩٧٩ ئەمریکا "یاسای پەیوەندییەکانی تایوان"ی دەرکرد و بەپێی ئەو یاسایە بەڵێنیدا هەمو مەرج و پێویستییەکانی بەرگری بۆ تایوان دابین بکات. هەر بۆیە ئەم بابەتە بوە یەکێک لە گرنگترین کارتەکانی فشار، کە ئەمریکا بەرانبەر چین بەکاری دەهێنێت (الشعراوي، ٢٠١٨: ١٥١).

لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دوەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٥ و دواتر جەنگی ساردیش لە نێوان کەمپەکانی سەرمایەداریی بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا و کەمپە کۆمۆنیستییەکان بە ڕێبەرایەتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، ئەگەری ڕوبەڕوبونەوەی ڕاستەوخۆ لە نێوان چین و ئەمریکا بە کراوەیی ماوەتەوە. لەم چوارچێوەیەدا، لە بەرانبەر پێداگری چین لەسەر ئەوەی تایوان بەشێکی دانەبڕاوە لە خاکەکەی و پێویستە بە شێوەیەکی گونجاو بگەڕێندرێتەوە بۆ سەروەری نیشتمانیی خۆی، ئەمریکا بەردەوامە لە پشتیوانیکردنی تایوان و دابینکردنی چەک بۆی، لە ژێر ڕۆشنایی ئەمانەشدا ئەو پرس و کێشەیە بەردەوامی هەیە و ئاسۆی چارەسەریشی نادیارە (Dittmer, 2017: 19).

ئەوەی جێی سەرنجە، سەرەڕای ناتەبایی سیاسیی نێوان چین و تایوان، پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوانیان گەیشتوەتە ئاستێکی پێشکەوتو، بەجۆرێک جگە لە زیادبونی وەبەرهێنانی تایوان لە چین، قەبارەی ئاڵوگۆڕی کاڵای نێوانیان لە ساڵی ٢٠١٨دا گەیشتە ئاستێکی پێوانەیی، کە ٢٢٦.٢ ملیار دۆلار بوە. ئەمەش دوای جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕێوشوێنە پەسەندکراوەکان بۆ تایوان لەلایەن چینەوە، کە وایکرد زیاتر لە ٢٠٠٠ کۆمپانیای بواری وەبەرهێنانی تایوان لە چین سود لە مامەڵەی باجی پەسەندکراو وەربگرن و زیاد لە ١٠٠ کۆمپانیاش لە وەرگرتنی پاڵپشتی دارایی تایبەتی چین سودمەند بن (وكالة أنباء الصينية (شينخوا)، ٢٠١٩). هەمو ئەوانە وایانکردوە سەرکردەکانی چین و تەنانەت گەلی چینیش تایوان وەک ناوەندی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان ببینن، کە گرنگییەکی زۆری بۆ ئاسایشی نەتەوەییان هەیە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی تەنیا ١٠٠ میل لە کەناراوەکانییەوە دورە.

داواکراوی دوەم: هەڵوێستی فەرمیی تایوان

تایوان بانگەشەی ئەوە دەکات، میراتگری شەرعیی و یاسایی تەواوی خەڵک و خاکی چینە. ئەم تێگەیشتنە هۆکاری دروستبونی شەڕی ناوخۆیی نێوان ناسیۆنالیست و کۆمۆنیستەکان بو، کە چوار ساڵی تەواوی خایاند. لە ئەنجامدا ناسیۆنالیست و لایەنگرانیان لە ساڵی ١٩٤٩ ڕویان لە دورگەی تایوان کرد و کۆماری چینیان (تایوان) ڕاگەیاند. لە هەمان کاتدا پارتی کۆمۆنیستی چین دامەزراندنی کۆماری میللی چینی لەسەر خاکی چین ڕاگەیاند. بە گوتەی تایوانییەکان، تایوان ماوەیەکی زۆر درێژە ملکەچی چین نەبوە. لە ڕاستیدا دەریاوانە پورتوگالیەکان، کە لە ساڵی ١٥٠٠ی زایینیدا بە تایواندا تێپەڕین، ناوی دورگەکەیان ناوە فۆرمۆسا، کە بە زمانی پورتوگالی بە واتای "دورگەی جوان" دێت. پاشان لە ساڵی ١٦٢٦ ئیسپانییەکان هێرشیان کردە سەر باکوری تایوان و لە ساڵی ١٦٤٢ هۆڵەندییەکان ئەوانیان دەرکرد و جێگەیان گرتنەوە. پاشان لە ساڵی ١٦٦٢ شانشینی مینگ، کە لەو سەردەمەدا (١٣٦٨-١٦٤٤) حوکمڕانی چینیان دەکرد، هۆڵەندییەکانیان لە تایوان دورخستەوە و لکاندیان بە چین. دوای شکستی چین لە یەکەمین جەنگی چین و ژاپۆن ١٨٩٤-١٨٩٥، حکومەتی چین پەیماننامەی

شیمۆنۆسکی واژۆ کرد، بەپێی پەیماننامەکە تایوانی ڕادەستی ژاپۆن کرد تاکو شکستی ژاپۆن لە جەنگی دوەمی جیهانی و کشانەوەی لە تایوان لە ساڵی ١٩٥٤(Yang & And Otheres, 2018: 16-17).

گرژییە سەربازییەکانی نێوان چین و تایوان لە ساڵی ١٩٤٩ تا سەرەتای نەوەدەکان بەردەوام بو. لە ماوەی ٢٠ ساڵدا و بە دیاریکراویش لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، لە دەرەنجامی چەندین هەوڵی جیاواز توانرا لە ڕێگەی ڕێکخەوتنێکەوە دەست بە دانوستانەکانی تایبەت بە دورگەکان و دواتر دامەزراندنی پەیوەندییە ئابورییە هەمەلایەنەکان بکرێت، هەردولا لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستانەوە چەندین ڕێککەوتنی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی پەیوەندی ئاشتییانە و پاراستنی سەقامگیریی پەیوەندییەکانیان. تایوان بە پشتبەستن بە پاشخانی مێژویی و دەستورەکەی بەردەوامیی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین دوپات دەکاتەوە. لەم ڕووەوە تایوان داوا لە چین دەکات ئەو ڕاستییە قبوڵ بکات، کە تایوان کۆمارێکی دیفاکتۆیە و گەلی تایوان باوەڕێکی پتەویان بە سیستەمی دیموکراسی خۆیان هەیە (Yang & And Otheres, 2018: 16-17).

لە سەردەمی حکومەتی (چن شوی) سەرۆکی تایوان کە لە ساڵی ٢٠٠٠ بو بە سەرۆک کۆمار و لە ساڵی ٢٠٠٤ دوبارە هەڵبژێردرایەوە، تایوان کۆمەڵێک هەنگاوی نا بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین وەک ڕێوشوێنیک بۆ نیشاندانی نیازپاکی خۆی. ئەم هەنگاوانە بەشێوەیەکی سەرەکی بریتی بون لە: سوککردنی سنوردارکردنی هاوردەی چین و هاندانی وەبەرهێنانی زیاتر لە نێوان چین و تایوان. ڕێگەدان بە هاووڵاتیانی چینی و ڕۆژنامەنوسان بۆ سەردانیکردنی تایوان. ڕێگەدان بە دامەزراوە داراییەکانی تایوان بۆ کردنەوەی نوسینگەی پەیوەندییەکان لە چین بۆ فراوانکردنی بازرگانی نێوان هەردولا. لەگەڵ دانوستاندن بۆ ئەنجامدانی گەشتی ئاسمانی تایبەت بۆ هاووڵاتیانی چینی لە کاتەکانی جەژن و بۆنە تایبەتەکاندا بە مەبەستی سەردانیکردنی تایوان (The Year Book Of Taiwan Republic Of China (Taiwan), 2016).

لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٨ - ٢٠١٠ هەردولا بەردەوامیان بە گفتوگۆی نێوانیاندا و لە ئەنجامدا ژمارەیەک ڕێککەوتنی جیاوازیان واژۆ کرد. گرنگترینیان ڕێککەوتنی چوارچێوەی هاوکاری ئابوریی نێوان دورگەکان بو. ئامانجی ئەم ڕێککەوتنە بریتی بو لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە بازرگانیی و ئابورییەکانی نێوان تایوان و چین و پاراستن و فەراهەمکردنی ژینگەیەکی دەرەکی ئارام و سەقامگیر لە ڕێگەی برەودان بە بنەماکانی ئاشتیی و سەقامگیرییەوە (Yang & And Otheres, 2018: 16-17).

هەروەها لە سەردەمی (ما ینگ جیۆ) سەرۆکی پێشوتری تایوان ٢٠٠٨ - ٢٠١٦ پەیوەندییەکانی نێوان چین و تایوان بەرەوپێشچونی زیاتریان بەخۆوە بینی و ناوبراو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، پێویستە دۆخی ئێستای پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا بپارێزرێت و ڕەتیکردەوە بژاردەی هێز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تایبەت بە پرسی سەروەری بەکاربهێنێت. هەروەها داوای لە لایەنی چینی و تایوانی دەکرد، هەنگاو بۆ ئایندەیەکی نوێ بنێن و ناکۆکییەکان وەلابنێن و پابەند بن بە چارەسەرێکی گونجاو لە پێناو بەرژەوەندی و قازانجی هەردولا. لە قۆناغی دواتر و لە ماوەی سەرۆکایەتی (تسای ئینگ وێن)ی سەرۆکی تایوان ٢٠١٦-٢٠٢٤، تایوان پارێزگاری لە سیاسەتی خۆی بۆ پاراستنی دۆخی ئێستای پەیوەندییەکانی نێوان دورگەکان کردوە. تسای لە وتاری دەستپێکی سەرۆکایەتییەکەیدا بەڵێنیدا، سەروەری تایوان بپارێزێت و بە ڕێگە و میکانیزمە دیپلۆماسییەکان ئاشتیی و سەقامگیریی لە پەیوەندییەکانی نێوان دورگەکاندا بەرەوپێش ببات (Yang & And Otheres, 2018: 16-17).

لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین، لە بەرانبەر سیاسەتەکانی چین، تایوان لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ درێژەدان بە سیاسەتەکەی بە ئامانجی کەمکردنەوەی ڕۆڵی چین لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، چونکە پێیانوایە چین لە پێشتردا توانیویەتی هەندێک وڵات ڕازی بکات پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ تایوان بپچڕێنن. لەم چوارچێوەیەشدا هەریەک لە وڵاتانی گامبیا، ساو تۆمێ و پرینسیپی، پەنەما، بورکینافاسۆ، کۆماری دۆمینیکان و سەلڤادۆر لەم دواییانەدا ڕایانگەیاند، پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانیان لەگەڵ تایوان پچڕاندوە. هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکەن چین بەردەوامە لە دژایەتیکردنی هەوڵەکانی تایوان بۆ بەهێزکردنی

پەیوەندییە دوقۆڵییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دیکە. ئەو وڵاتانەی سەرەڕای فشارەکانی کۆماری میللی چین، لەمڕۆدا پەیوەندی دیبلۆماسییان لەگەڵ تایواندا هەیە بریتین لە (بەلیز، گواتیمالا، هایتی، هندۆراس، پاراگوای، سەینت کیتس و نیڤیس، سانت لوسیا، سانت ڤینسێنت و گرێنادین، ئێسواتینی، ناورۆ، توڤالو، دورگەکانی مارشاڵ لەگەڵ پالاو) Ministry of Foreign Affairs, Republic of China (Taiwan) (2024).

لەم ڕووەوە، چین ئامانجی ڕێگریکردنە لە بەشداریکردنی تایوان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیی و ناوچەییەکان و هەوڵدەدات "بنەمای یەک چین" بکاتە بنەما و یاسایەکی ڕەوا لە سەرانسەری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییدا. لە بەرانبەردا سیاسەتی ئەمریکا بەردەوام جەخت لەسەر گرنگی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ تایوان دەکاتەوە. لەو چوارچێوەیەشدا، لە ٣١ی کانونی دوەمی ٢٠١٨ کۆنگرێسی ئەمریکا "یاسای دەستپێشخەری ئاسایشی ئاسیا"ی پەسەند کرد. لە لایەکی دیکەشەوە، داوای ئاڵوگۆڕی فەرمی فراوانتر لە نێوان ئەمریکا و تایوان دەکات و هانی فرۆشتنی چەک و گەشتکردنی بەرپرسانی باڵا بۆ تایوان دەدات (الجناني، ٢٠٢١: ١٢١).

سەبارەت بە ژاپۆنیش، هەرچەندە هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی نییە و خواستی دەستوەردانی بەرانبەر تایوان نییە، بەڵام کاریگەرییەکەی لەم پرسەدا بە بەراورد لەگەڵ چین سنورداره و پێناچێت لە داهاتویەکی نزیکدا ژاپۆن لە بابەتە سیاسیی و ئەمنییەکانی ناوچەکە سەربەخۆییانە هەنگاو بنێت و زیاتر لەژێر کاریگەری واشنتۆندایە. بۆ نمونە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٨٩ دانی بە چیندا نا، دواتر ژاپۆنیش دانی پێدانا. بە هەمان شێوە لە ساڵی ٢٠٠٣ کاتێک ئەمریکا ڕێوشوێنی لە دژی تایوان گرتەبەر، کە هەوڵی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی دەدا، ژاپۆنیش هەمان ڕێکار و ڕێگای گرتەبەر (جەمال، ٢٠٠٧: ٤٠)

باسی سێیەم: کاریگەری ڕەهەندی نێودەوڵەتی لە سەر پرسی تایوان: هەڵوێستی فەرمی چین و ئەمریکا بە نمونە

**داواکراوی یەکەم: هەڵوێستی فەرمیی حکومەتی چین بەرانبەر بە پرسی تایوان**

پرسی تایوان بەردی بناغەی دامەزراندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی چینە لەگەڵ وڵاتانی دیکە، چونکە بەم شێوەیە چین دەتوانێت هەم دانپێدانان بە دابەشنەبونی خۆی و هەمیش تایوان بە بەشێکی دانەبڕاو لە خۆی بسەپێنێت و نیشان بدات (البدراني، ٢٠١٦: ١١٣). لە لایەکی دیکەوە، زامنکردنی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتان لەگەڵ بنەماکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان و یاسای نێودەوڵەتیشدا دەگونجێت. لەم چوارچێوەیەشدا چین مافی دژایەتیکردنی جیابونەوەی تایوان دەستەبەر دەکات و هەوڵ بۆ یەکگرتویی خاکی وڵاتەکەی دەدات. سیاسەتی سەرەکی چین لەم ڕووەوە بە یەکگرتنەوەی ئاشتییانە، کە لەسەر بنەمای "یەک وڵات و دو سیستەم" دامەزراوە نوێنەرایەتی دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا چین بە توندی دژی هەر وڵاتێک دەوەستێتەوە، کە هەوڵی پەرەپێدانی هەر پەیوەندییەکی فەرمی لەگەڵ تایوان بدات (Fuchang and Otheres, 2002: 316).

سیاسەتی فەرمی چین بەرانبەر بە تایوان، کە لە ساڵی ١٩٦٣ەوە ڕاگەیەندراوە، ڕێگە بە تایوان دەدات لەگەڵ چیندا یەکبگرێت و لە هەمان کاتیشدا هێزە سیاسیی و سەربازییەکانی خۆی بپارێزێت. هەرچی پەیوەندی دەرەکیشە دەبێت لەلایەن حکومەتی میللی چینەوە بەڕێوەببرێت و هەردولا پابەندبن بە پرەنسیپی دەستدرێژیی نەکردنە سەر یەکدی. جگە لەمەش چین لە ساڵی ١٩٨١دا ڕایگەیاند، ئەگەر تایوان بگەڕێتەوە بۆ زێد و وڵاتی دایک، گەرەنتی ئەوە دەکات جگە لە پاراستنی سوپاکەی، وەک هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەریی تایبەت کە بەرزترین پلەی ئۆتۆنۆمی دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. لە قۆناغی دواتردا چین بنەمای "یەک وڵات و دو سیستەم"ی خستەڕو. کە بەهۆی ئەم بنەمایەوە چین توانی پرسی هۆنگ کۆنگ لە ١٩٩٧/٧/١ و پرسی ماکاو لە ١٩٩٩/٩/٢٠ چارەسەر بکات. لەگەڵ ئەوەشدا بە بەردەوامی حکومەتی چین جەخت لە بنەمای یەک چین

دەکاتەوە و سازشی لەسەر ناکات، لەگەڵ ئەوەی پابەند دەبێت بە هەوڵە ئاشتەوایییەکانی یەکگرتنەوە لە هەمان کاتیشدا دژی هەر چالاکییەکی جوداخوازییە بۆ سەربەخۆیی تایوان (جیا، ٢٠١٧: ١٤٦-١٥٤).

لە ساڵی ٢٠٠٥ چین "یاسای ڕێگریکردن لە جیابونەوەی تایوان"ی دەرکرد وەک دەستەبەرێکی یاسایی بۆ یەکگرتنەوەی ئاشتییانەی نیشتمانیی. ناوەڕۆکی ئەم یاسایە سروشتی پرسی تایوان و گەڕان بەدوای یەکگرتنەوەی نەتەوەیی بە ڕێگای ئاشتییانە لەخۆ دەگرێت. شێوازە نائاشتیخوازەکانی دیکە وەک دوا ڕێگە و بژاردە بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە دادەنێت، لەگەڵ دژایەتیکردنی هەر هەوڵ و چالاکیەکی جوداخوازییانە بە مەبەستی جیابونەوە و وەرگرتنی سەربەخۆیی لەلایەن تایوانەوە. لە هەمان کاتدا چین هیچ سازشێک لە بەرانبەر سەروەری نیشتمانیی و یەکپارچەیی خاکەکەی قبوڵ ناکات (جیا، ٢٠١٧: ١٥٤-١٤٦).

سەرۆکی چین (شی جینپینگ) لە ساڵی ٢٠١٩ جارێکی دیکە هەڵوێستی نەگۆڕی چینی دوپاتکردەوە بەرانبەر بە هەوڵدانە جددی و فراوانەکانی بۆ یەکگرتنەوەی ئاشتییانە و ڕایگەیاند کە سەربەخۆیی تایوان دژی مێژوە. لە بەرانبەردا وەزارەتی دەرەوەی تایوان قسەکانی سەرۆکی چینی بە بێزارکەر لە قەڵەمدا و ڕایگەیاند، سەرۆکی چین ئەو ڕاستییەی پشتگوێ خستوە، کە گەلی تایوان بە شێوەیەکی ڕەسمی و لە هیچ دۆخێکدا بنەمای "یەک وڵات و دو سیستەم" قبوڵ ناکەن. لەبەرئەوەی ئەم بنەمایە دژی بەها بنچینەییەکانی دیمۆکراسی و ئازادی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤە، لە کاتێکدا ئەمانە بەشێکن لە بەها سەرەکییەکانی گەل و خەڵکی تایوان (وكالة أنباء الصينية (شینخوا)، ٢٠٢٠).

لە لایەکی دیکەشەوە، چین هەوڵی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تایوان دەدات لە ڕێگەی زیادکردنی متمانەی هاوبەش و قوڵکردنەوەی ئامرازە جۆراوجۆرەکان بۆ پەرەپێدانی ئاشتییانەی پەیوەندییە دو قۆڵییەکانی نێوانیان لەژێر ڕۆشنایی ئەم بنەمایانەی خوارەوە (شی جینغ بینغ، ٢٠١٤: ٢٥٠-٢٥٢):

١. بەرژەوەندییەکانی چین بنەماگەلێکی بنەڕەتین لە کاتی هەڵسەنگاندنی دۆخی گشتی پەیوەندییەکانی نێوان چین و تایواندا. لەم چوارچێوەیەدا، یەکپارچەیی خاک و سەروەری کۆماری میللی چین و بەرژەوەندی هاوبەشی لەگەڵ هاووڵاتیانی تایوان دەپارێزرێت.

٢. پابەندبون بە هەڵسەنگاندنی داهاتوی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا لە ڕێگەی پەرەسەندنی مێژویی کێشەی تایوانەوە، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی گەشە و ڕێنیسانسی چین. گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا بەشێکی گرنگی ئەم ڕێنیسانسەیە و پێویستە نەخشەڕێگایەک بەو ئاراستەیەدا بکێشرێت و جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە، کە هاووڵاتیانی هەردو لای دورگەکە سەر بە یەک خێزانن.

٣. جەختکردنەوە لەسەر متمانەی هاوبەش، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان، وەلانانی ناکۆکییەکان، پەیوەندی و ڕاوێژ لە نێوان هەردولادا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی گونجاو و ئاشتیانە.

٤. دڵنیابون لە سەقامگیری دۆخی گشتی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا، بەوەی سەربەخۆیی تایوان هەڕەشە لە ئاشتی دەکات، لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە هەمو جۆرە ڕێگرییەک لە چالاکییە جوداخوازییەکان بکرێت. لە هەمان کاتدا هەماهەنگی سیاسیی، ئابوریی، زانستیی و کەلتوریی بکرێت و هەوڵبدرێت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و بڵاوکردنەوەی بنەماکانی کەلتوری چینی لەناو هاووڵاتیانی هەردولای دورگەکە. لە هەمان کاتیشدا، جەخت لەسەر بەهێزکردنی وابەستەیی نەتەوەیی خۆیان بکەنەوە بە پشتبەستن بە ڕابردو و هێزی هاوبەشی نێوانیان.

لەگەڵ ئەمانەشدا، چین جەخت لەوە دەکاتەوە، کە تایوان بەشێکی دانەبڕاوە لە خاکەکەی و تەنها یەک چین بونی هەیە. نەتەوە یەکگرتوەکان و زۆربەی وڵاتانی جیهانیش دان بەو ڕاستییەدا دەنێن. پرسی تایوان لە تێڕوانینی ستراتیژی چیندا لەم سێ لایەنەی خوارەوە نوێنەرایەتی دەکرێت (مسألة تايوان وإعادة توحيد الصين، ١٩٩٧: ٣١-٣٢).

یەکەم: پرسی تایوان کێشەیەکی پاشماوەی شەڕی ناوخۆیی چینە، هەربۆیە ئەمە بە پرسێکی ناوخۆیی دادەنرێت، چونکە کاتێک کۆماری گەلی چین لە ١٩٤٩/١/١٠ دامەزرا، بەشێک لە ئەندامانی سەربازیی و کارگێڕیی پارتی کۆمینتانگ دوای شکستییان بەرانبەر بە ناسیۆنالیستەکان لە شەڕی ناوخۆ پاشەکشەیان کرد بۆ دورگەی تایوان. بۆیە پرسی تایوان بەر لە هەمو شتێک تاکە زەمینەی یاسایی پەیوەندییەکانی نێوان پەکینی پایتەخت و دەسەڵاتدارانی تایوانە. کەواتە چینییەکان دەبێت خۆیان ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن.

دوەم: پێویستە پارێزگاری لە سەروەری دەوڵەت و یەکپارچەیی خاک بکرێت و دژایەتی دەستتێوەردانی دەرەکیی بکرێت. جگە لەوەش کار بکرێت بۆ ڕاگرتنی بەکارهێنانی پرسی تایوان بە مەبەستی دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی چین و هەوڵەکانی ڕێگریکردن لە پرۆسەی یەکگرتنەوەی چین.

سێیەم: جەوهەری پرسی تایوان ململانێی نێوان جیابونەوە و یەکگرتنەوەی تایوانە. حکومەت و گەلی چین بنەمای یەک چین دەپارێزن و دژایەتی دابەشکردنی وڵات دەکەن و ڕوبەڕوی هەر دەستتێوەردانێک دەبنەوە، کە ئامانج لێی جیاکردنەوە و دابڕاندنی تایوان بێت.

دەتوانین بڵێین؛ بانگەشەی چین سەبارەت بە تایوان لەسەر بنەمای جاڕنامەی قاهیرە دامەزراوە، کە لە ساڵی ١٩٤٣ لە نێوان چین و ئەمریکا و بەریتانیا واژۆ کراوە. جاڕنامەکە بەیاننامەیەک بو لە کۆتایی کۆنفرانسی قاهیرەدا بڵاوکرایەوە، کە لە ٢٧ی تشرینی دوەمی ١٩٤٣ لە قاهیرەی پایتەختی میسر و هەریەک لە فرانکلین ڕۆزڤێلت سەرۆکی ئەمریکا و وینستن چەرچڵ سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و چیانگ کای شێک سەرۆکی چین تێیدا ئامادەبون. دوابەدوای ئەم ڕاگەیاندنە، هەر سێ سەرۆک بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و جەختیان لە چەند خاڵێک کردەوە گرنگترینیان؛ فشاری سەربازیی لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە جێبەجێ دەکرێت تا ئەو کاتەی ژاپۆن ڕازی دەبێت بە خۆبەدەستەوەدانی بێ مەرج. تایوان هەمو ئەو خاکانە دەگەڕێنێتەوە بۆ چین، کە ژاپۆن داگیری کردون، لەوانە مانچوریا، پێسکادۆرس، کۆریا و دورگەکانی دیکەی زەریای هێمن. ئامانجی ئەمریکا و بەریتانیا و چین بریتییە لە ڕاگرتنی دەستدرێژی ژاپۆن نەک بە دوای قازانجی تایبەت یان فراوانکردنی خاکەوە بن هەروەها هاوپەیمانان پابەند دەبن بە کۆریایەکی ئازاد و سەربەخۆ(The Text Of Cairo Conference, 1945) .

لەلایەکی دیکەوە، چین ئاماژە بە جاڕنامەی پۆتسدام دەکات، کە ئەمریکا و بەریتانیا و چین لە ساڵی ١٩٤٥ لە شاری پۆتسدامی ئەڵمانیا واژۆیان کردوە و تێیدا هۆشدارییاندا لە وێرانکاریی و کاولکاریی گەورە، ئەگەرێتو ژاپۆن دەستبەجێ خۆی ڕادەست نەکات. لە گرنگترین ماددەکانی ئەم جاڕنامەیەش؛ ژاپۆن دەرفەتی خۆڕادەستکردنی بێ مەرجی پێدەدرێت، بەپێچەوانەوە بژاردەی دیکە لەناوبردنی دەستبەجێ و تەواوەتیی ژاپۆن دەبێت. هێزە وشکانیی و دەریایی و ئاسمانییەکانی ئەمریکا، بەریتانیا و چین خۆیان بۆ ئەنجامدانی هێرشی سەربازیی بۆ سەر ژاپۆن ئامادە دەکەن. هەروەها جەخت لەوە کرایەوە، جێبەجێکردنی برگەکانی جاڕنامەی قاهیرە و سەروەری ژاپۆن سنوردارە بە هۆنشو، هۆکایدۆ، کیوشو، شیکۆکو و دورگە بچوکەکانی دیکە، کە دواتر دیاری دەکرێن (The Text Of Potsdam Conference, 1945).

بە ڕەچاوکردنی مێژوی شەڕی ناوخۆیی چین و گرنگی ستراتیژیی پرسی تایوان بۆ سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستی چین، تایوان هێشتا ئەولەویەتی سەرەکیی کۆماری میللی چینە. لە قۆناغی ئیستادا ئامانجی چین لە لەناوبردنی پاشماوەکانی دەسەڵاتی کۆمینتانگ بەسەر دورگەکەدا بۆ کۆنترۆڵکردن و فەرمانڕەواییکردن بەسەر تایواندا گۆڕاوە و چین ئامراز و هونەری نوێ

بەکاردەهێنێت بۆ کاریگەری دروستکرن و فشارخستنە سەر هێزە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی تایوان. لەم ململانێیەدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، چەندین ئامرازی کاریگەر بەتایبەت ئامرازە نا سەربازییەکان بەکاردەهێنێت، وەک پڕوپاگەندە، فشاری ئابوریی، فشاری سیاسیی (Cantwell, 2017).لە لایەکی دیکەشەوە، کۆنترۆڵکردنی میدیا یەکێکە لەو ئامرازە گرنگانە، لەم چوارچێوەیەشدا چین پڕوپاگەندە و زانیاری هەڵە بە شێوەیەکی کاریگەر بەکاردەهێنێت بەرانبەر بە تایوان، لە ڕێگەی ئەم ئامرازانەشەوە جگە لەوەی پشتگیری لە شەرعییەتی پارتی کۆمۆنیستی چین دەکات لە هەمان کاتیشدا، بۆچونە دژەکانی بەرانبەری سنوردار دەکات. هەروەها ئامانجی کۆتایی هەڵمەتی پڕوپاگەندە و زانیاری هەڵەی چین سەبارەت بە تایوان، دروستکردنی ئاژاوە و لاوازکردنی متمانەیە بە دامەزراوە دیموکراتییەکانی تایوان (Cole, 2017).

سەبارەت بە هەوڵ و ڕێگە جیاوازەکانی چین بۆ گێڕانەوەی تایوان، دەتوانین بەکورتی باس لەو ستراتیژە جیاوازانە بکەین، کە چین لە بەرانبەر تایواندا بەکاریان دەهێنێت بە مەبەستی گەڕاندنەوەی تایوان و لکاندنەوەی بە خۆیەوە:

**١. مێژو**: لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩ - ١٩٧٩، حکومەتەکانی کۆماری میللی چین و کۆماری چین بەجددی کاریان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانی دیپلۆماسی نێودەوڵەتیی وەک نوێنەری یاسایی "چین" لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. لە ئەنجامدا ساڵی ١٩٧١ کۆماری میللی چین جێگای کۆماری چینی گرتەوە لە نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەمەش لەم کاتەدا هاتە کایەوە کە پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری میللی چین و ئەمریکا ئاساییبونەوەی بەخۆیەوە بینی، دواتر نەتەوە یەکگرتوەکان پەکینی وەک تاکە نوێنەری یاسایی چین ناساند. دوای هاتنە سەرکاری (دێنگ شیاو پینگ) لە ساڵی ١٩٧٩ ئامانجی پەکین بۆ تێکەڵکردنی هەردو وڵات لەژێر ناونیشانی "یەک وڵات و دو سیستەم"، بەرەوپێشچونی بەخۆیەوە بینی (Ministry of Foreign Affairs of the People's Republic of China, 2020).

لە ساڵی ١٩٨٩ و دوای کۆمەڵکوژیەکەی تیانانمین (دێنگ شیاو پینگ) پێشنیاری ستراتیژیەتێکی نوێی کرد لەژێر ناوی "شاردنەوەی توانا و کاتمان". چونکە هەستیان بەوە کرد، ئەم ڕوداوانە شەرعییەتی سیاسیی حوکمی کۆمۆنیستی لاواز دەکەن(Doshi, 2017).

لە دواتردا و لە نۆزدەهەمین کۆنگرەی نەتەوەیی پارتی کۆمۆنیستی چین، کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ بەڕێوە چو، چین ڕایگەیاند چیتر هێز و دەستکەوتەکانی ناشارێتەوە. سکرتێری گشتی (شی جین پینگ) بەڵێنیدا تا ساڵی ٢٠٤٩ پارتی کۆمۆنیستی چین "نەتەوە و شارستانێتی مەزنی چین" زیندو بکاتەوە، چونکە ئەم مێژوە هاوکاتە لەگەڵ یادی سەدساڵەی دامەزراندنی کۆماری میللی چین، هەربۆیە چین دەبێت بگەڕێتەوە بۆ دۆخی خۆی وەک هێزێکی گەورەی خاوەن هەژمون، لەم پێناوەشدا یەکگرتنەوەی تایوان مەرجێکی پێشوەختەیە (Bush, 2017).

**٢. کەلتور**: لە دوای ساڵی ١٩٤٩ ستراتیژی پارتی کۆمۆنیستی چین بریتی بو لە کۆنترۆڵکردنی حکومەتی کۆمونتانگ لە تایوان. بەڵام لە هەشتاکاندا ئەم ستراتیژییەتە گۆڕانکاری بەسەرداهات بۆ تێکدانی سیستەمی دیموکراسی تایوان. لەم چوارچێوەیەشدا، پارتی کۆمۆنیستی چین لە ساڵی ٢٠١٥ بەڵگەنامەیەکی گرنگی دەرکرد بەناوی "کاری بەرەی یەکگرتو". ئەم بەڵگەنامەیە یەکەم ڕێسای فەرمییە، کە بۆ ڕێکخستنی کارەکانی بەرەی یەکگرتوی پارتی کۆمۆنیستی چین دەرچوە. ئەم بەڵگەنامەیە لە ماددەی ٣٠دا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەرکی سەرەکی "بەرەی یەکگرتو" بۆ تایوان بریتییە لە: "پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکانی حکومەتی ناوەندیی دژی تایوان، پابەندبون بە پرەنسیپی یەک چین و دژایەتیکردنی چالاکییە جوداخوازییەکانی سەربەخۆیی تایوان(Liou, 2015: 36-41).

کارەکانی "بەرەی یەکگرتو" کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر سیاسەتی ناوخۆی تایوان و پرسە کۆمەڵایەتییەکانی هەبو. چین پێیوایە تایوان کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی ئازادە بۆیە گروپە هاوسۆزەکانی بەرەی یەکگرتو دەکرێت

لە تایواندا ڕێگەیان پێبدرێت بە شێوەیەکی یاسایی وەک ڕێکخراوی ناحکومی خۆیان تۆمار بکەن. لە ئەنجامدا بەرەی یەکگرتو دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری لە چالاکییەکانی ناو تایواندا بکات (Horton, 2017).

"بەرەی یەکگرتو" لە تایوان بەشێوەیەکی بەرفراوان کار لەسەر گروپی " گەنجان، خوێندکاران، هاوسەرە چینییەکان، پارت و گروپە سیاسییەکانی لایەنگری چین، ڕێکخراوە ئایینییەکان، کۆمەڵەی ماسیگرەکان، ژەنەراڵە خانەنشینکراوەکان دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە، گەورە و سەرۆکی گوندەکان بانگهێشت دەکەن بۆ ئەوەی لە تایوانەوە گەشت بکەن بۆ چین، ئەمەش بە ئامانجی دروستکردنی پەیوەندی و تەنانەت ڕێگەدان بە دروستکردنی "گوند بە هەمان ناو" لەناو خاکی چین. وێڕای ئەمانە پەکین لە ڕێگەی چالاکییەکانییەوە، کە ئامانج لێی ئەفسەرە باڵا خانەنشینکراوەکانی تایوانە، مۆراڵی سەربازیی و ئامادەیی شەڕکردن لای تایوانییەکان لاواز دەکات. لە هەموی بێزارکەرتر کاریگەری کارەکانی بەرەی یەکگرتوە لەسەر بەرزکردنەوەی توانای وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانی بۆ دامەزراندنی سیخوڕ لە تایوان(Stepar, 2020: 49) .

**٣. فشاری ئابوریی**: بەرەی یەکگرتو کاریگەری خۆی لەسەر کۆمپانیاکانی تایوان بەکاردەهێنێت بۆ مەبەستی دەسکەوتی سیاسیی، جا چ بازرگانە گەورەکان ناچار بکات بە ڕاگەیاندنێک یاخود بەیاننامەیەک پشتیوانی لە سیاسەتەکانی پەکین و ئیدانە و سەرزەنشتی تایپە بکەن، یان لە ڕێگەی هاندانی بازرگانان بۆ دەنگدان بە پارتە سیاسییەکانی لایەنگری پەکین لە هەڵبژاردنەکانی تایوان. هەندێکجاریش ئەم ڕێوشوێنانە شێوازی زۆرەملێ و شاراوە بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر یەکپارچەیی خاکی چین و پرۆسەی سیاسیی. پرسێکی دیکەی هەستیار بریتییە لە پەیوەندی نێوان بەرەی یەکگرتو و تاوانە ڕێکخراوەکان لە تایوان، کە بەرەی یەکگرتو وەک میکانیزمێکی دیکە دژی تایوان بەکاری دەهێنێت(White, 2017) .

لەکۆتایدا دەکرێت بڵێین تایوان هەمیشە پرسێکی هەستیار بوە بۆ پەکین، لەگەڵ ئەوەی کە کۆماری میللی چین لە دوای دامەزراندنییەوە توانیویەتی سەروەری خۆی بگەڕێنێتەوە بەسەر هۆنگ کۆنگ و ماکاودا، بەڵام هێشتا تەواو یەکگرتو و یەکخراو نییە، چونکە تا ئەمڕۆش تایوانی لێدابڕاوە و هێزە جوداخوازەکانی ناو دورگەکەش لە هەوڵی بەدەستهێنانی "سەربەخۆیی تایوان"دان بە پشتیوانی زلهێزە بیانییەکان (Chine, 2005: 2001 :22-23).

لای خۆیەوە چین ئەمە وەک هێڵێکی سور دەبینێت و ئامادەیە دۆخی ئێستا تا ماوەیەکی نادیار قبوڵ بکات، چونکە بە سەربەخۆیی تایوان و ئەگەری ڕودانی ململانێی سەربازیی زیانێکی زۆر بە پێگەی جیهانیی و ناوچەیی وڵاتەکەی دەگات. لە هەمان کاتدا گەشەی فراوانی ئابوریی چین بوەتە ڕێگر لە بەردەم دانپێدانانی دیبلۆماسیەتی نێودەوڵەتیی بە تایوان، هەروەها تایوانی لە ڕێککەوتنە نوێیەکانی تایبەت بە بازرگانی ناوچەیی دورخستوەتەوە (Jack, 2010: 354). بۆیە دەتوانین بڵێین ڕێگای سەرەکی چین بۆ گەڕاندنەوەی تایوان لەسەر بنەمای پەیوەندییە ئابورییەکانە پاڵپشت بە پاشخانێکی کەلتوریی کۆنفۆشیۆسیی، کە یارمەتیدەرە بۆ یەکخستن و یەکبونی کۆمەڵایەتیی. لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی ئاشتیانە و ئارامگرتن یارمەتیدەری چین دەبن بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو دورگەیە بەدەستبهێنێتەوە.

### داواکراوی دوەم: هەڵوێستی فەرمیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەرانبەر پرسی تایوان

تایوان بۆ بڕیاردەرە سیاسییەکانی ئەمریکا گرنگییەکی تایبەتی هەیە و نوێنەرایەتی یەکێک لە گرنگترین ئامرازە ستراتیژییە جیهانیی و بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکات، کە دەیەوێت هەژمونی جیهانیی خۆی فراوانتر بکات، چونکە ئەمریکا لە ڕێگەی تایوانەوە هەوڵدەدات بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی لەسەر ئاستی جیهان مسۆگەر بکات. لە هەمان کاتدا بەدەستهێنانی تایوان وەک هاوپەیمانێک دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ئاسیا و زەریای هێمندا (Xie, 2014).

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دانی بە چیندا نەنا لەبەر مەترسی فراوانبون و زیادبونی کاریگەرییەکانی بەتایبەت لە دوای شکستی ژاپۆن و ڕاگەیاندنی کۆماری میللی چین لە ساڵی ١٩٤٩. لەبەرانبەردا، کاری کرد بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تایوان، بۆ ئەوەی لە ڕوی ئابوریی و سەربازییەوە پشتگیری بکات و وەک نوێنەری یاسایی چین بناسرێت (الخنوس، ٢٠٠٣: ١٢٥).

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دوەمی جیهانی و لەژێر ڕۆشنایی ناکۆکییەکانی نێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و بلۆکی ڕۆژئاوا، حکومەتی ئەمریکا لەسەر بنەمای ستراتیژی جیهانیی و ڕەچاوکردنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، پشتگیری شەڕی ناوخۆی تایوانی کرد لە ڕێگەی دابینکردنی پێداویستیی و کەلوپەلی سەربازیی بۆ پارتی ناسیۆنالیستی چین (کۆمینتانگ). دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆ، سیاسەتی ئەمریکا بریتی بو لە دابڕان و ڕاگرتنی هەژمونی چینی نوێ. دواتر سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا هاری تورمان لە ١٩٥٠/٦/٢٧ ڕایگەیاند، کە فەرمان بە هێزی حەوتەمی دەریایی دەکات بچنە گەروی تایوانەوە بە مەبەستی دەستوەردانی سەربازیی لە گەروی تایوان و بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی چین لەو دورگەیەدا. هەروەها ئەمریکا هێزی سێزدەیەمی ئاسمانیی لە تایوان جێگیر کرد. دواتر و لە کانونی دوەمی ١٩٥٣دا ئەمریکا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تایوان "پەیماننامەی بەرگری هاوبەش"ی واژۆکرد و بەپێی ئەو پەیماننامەیەش تایوان خرایە ژێر هێڵی پارێزبەندیی ئەمریکاوە. ئەم دۆخە بوە هۆی گرژی و ناکۆکییەکی درێژخایەن لە گەروی تایوان، لە هەمان کاتدا بو بە یەکێک لە خاڵە ناکۆک و جیاوازەکانی نێوان چین و ئەمریکاش (مسألة تايوان وإعادة توحيد الصين، ١٩٩٣: ٩).

ئەمریکا لەو باوەڕەدایە پەیوەندی نێوان چین و تایوان بریتییە لە "سیاسەتی بەخشین و وەرگرتن" لەلایەن هەردولاوە و پێویستە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و ماف و شایستەکان بنیات بنرێت. لە یەک کاتدا هانی چین دەدات، کە هێزی سەربازیی و زمانی هەڕەشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەکارنەهێنێت، لە بەرانبەردا، هانی تایوان دەدات، کە میتۆد و ڕێگەی عەقڵانیی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ چیندا بگرێتەبەر. بەمشێوەیە هەوڵدەدات ڕێگری لە هەردولا بکات لە گرتنەبەری هەر بڕیارێکی تاکلایەنە، کە دۆخی پەیوەندییەکانی ئێستای ناوچەکە ئاڵۆزتر بکات و بگۆڕێت (الشواف، ٢٠١٦: ١١٥). بەرژەوەندی ئەمریکا بۆ پرسی تایوان لە پێگەی زۆر گرنگی جیۆپۆلەتیکی و ستراتیژیی ناوچەکەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە گەروی تایوان و کەناڵی (باشی)، دو ڕێڕەوی دەریایین، کە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە دەبەستنەوە.

سەرەڕای زیادبونی ڕۆڵ و کاریگەری چین لەسەر ئاستی ناوچەکە، ئەمەریکا وا دەردەکەوێت پابەند بێت بە پاراستنی دۆخی ئێستای تایوان و سنورەکانی، لەگەڵ دروستکردنی پشتێنەیەکی پارێزراو و ئارام بۆ تایوان و نەگەڕانەوەی بۆ چین و دروستکردنی هاوپەیمانێتیی لەگەڵ دراوسێکانی چین لەوانە ژاپۆن و فلیپین. لە لایەکی دیکەشەوە، هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشو ڕێگەی بۆ ئەمریکا خۆشکرد زیاتر تیشک بخاتە سەر ناوچەی ئاسیا و زەریای هێمن لە پێناو پاراستنی ڕێڕەوە بازرگانییە جیهانییەکان و سنوردارکردنی ڕۆڵی چین لە ناوچەکەدا. فراوانبونی پێگە و بەرژەوەندییەکانی چین لە سیستەمی نوێی ئابوری جیهانیدا وایکرد، قەبارەی ئەو مەترسیانەش زیاد بێت، کە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکەن. ئەمەش وای لە چین کرد، ئامادەیی سەربازیی و فراوانخوازییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا زیاتر بکات (محەمەد، ٢٠١٧: ٤١٠).

لەو کاتەوەی چین دەستی بە وتوێژ و دانوستانە دو قۆڵییەکان کردوە لەگەڵ تایوان لە ناوەڕاستی ساڵانی پەنجاکاندا، چەند پێشهات و ڕوداوێک بونەتە هۆی کەمبونەوەی گرژییەکان لە گەروی تایوان و یارمەتیدەر بون بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا. بەڵام سەردانەکەی ڕیچارد نیکسۆن سەرۆکی ئەمریکا بۆ چین لە شوباتی ساڵی ١٩٧٢دا دەنگدانەوە و کاردانەوەی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، بەتایبەتی دوای بڵاوکردنەوەی "یەکەم بەیاننامەی هاوبەش"، کە لەلایەن هەردولاوە لە شەنگەهای بڵاوکرایەوە. بەگوێرەی ئەم بەیاننامەیە، چین تاکە حکومەتی شەرعییە و تایوانیش

پارێزگایەکە سەر بە چین، گەڕانەوەشی بۆ سەر چین پرسێکی ناوخۆییە، کە هیچ وڵاتێکی دیکە مافی دەستوەردانی تێدا نییە. لەگەڵ جەختکردنەوە لە کشانەوەی سەرجەم هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە تایوان و دوپاتکردنەوەی ئەوەی کە چین دژایەتی هەر چالاکیەک دەکات، کە ئامانج لێی دروستکردنی یەک چین و یەک تایوان بێت (China- US. 1 st joint statement, Embassy of the People's Republic of China in the United states of America, 2019)

لە کانونی یەکەمی ١٩٧٨، ئەمریکا ئەو سێ بنەمایەی پەسەند کرد، کە چین بۆ دامەزراندنی پەیوەندی دیپلۆماسی نێوانیان دیاریکردبو، کە پێکهاتبون لە پچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ئەمریکا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تایوان. هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی بەرگریی هاوبەشی نێوان ئەمریکا و تایوان و کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە تایوان. هەردولا (ئەمریکا و چین) لە ڕێکەوتی ١٩٧٨/١٢/١٦ "دوەمین بەیاننامەی هاوبەش"یان بڵاوکردەوە، کە تێیدا ئەمریکا چینی وەک تاکە وڵاتی شەرعیی و یاسایی بۆ چینییەکان ناساند. بەم پێیە تەنیا پەیوەندییە کەلتوریی و بازرگانیی و پەیوەندییە نافەرمیەکانی دیکە لەگەڵ تایوان دەهێڵێتەوە لەگەڵ بڕیاری کردنەوەی باڵیۆزخانەکانیان لە ڕێککەوتی ١٩٧٩/١/٣دا. بەڵام ئەم بەرەوپێشچونانە لە پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئەمریکا زۆری نەخایاند و هەر زو ئەمریکا یاسای پەیوەندییەکانی تایوانی پەسەند کرد، کە تێیدا هەمو برگەکانی "یەکەم بەیاننامەی هاوبەش"ی نێوان خۆی و چینی هەڵوەشاندەوە. ئەمەش دوای تێپەڕینی تەنیا سێ مانگ لە بڕیاری بەستنی پەیوەندییە دیپلۆماسیيەکانی لەگەڵ چین، کە کۆنگرێس بە واژۆی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا پەسەندی کردبو. یاسای پەیوەندییەکانی تایوان چەندین برگەی تێدابو، کە دژی دوەمین بەیاننامەی هاوبەشی نێوان چین و ئەمریکا و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیش بو بە فرۆشتنی بەردەوامی چەک بە تایوان لەلایەن حکومەتی ئەمەریکاوە. دوای ئەوەی پەیوەندییە فەرمییەکانی نێوان ئەمەریکا و تایوان لە ساڵی ١٩٧٩ کۆتاییان پێهاتبو، بەپێی ئەم یاسایە ئەمەریکا دوبارە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تایوان بنیات نایەوە. کۆنگرێس بڕیاریدا، کە ئەم یاسایە بەشدار دەبێت لەمانەی خوارەوە (The Text Of Taiwan Relation Acts, 2019) :

١. دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیریی لە ڕۆژئاوای زەریای هێمن.

٢. بەهێزکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە ڕێگەدان بە بەردەوامبونی پەیوەندییە بازرگانیی و کەلتوریی و پەیوەندییەکانی دیکە لەگەڵ تایوان.

٣. پاراستنی پەیوەندییە فراوان و هەمەلایەنەکانی نێوان خەڵکی ئەمریکا و تایوان لە بوارەکانی بازرگانیی و ڕۆشنبیریی و تاد.

٤. جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی ئارامیی و سەقامگیریی ناوچەکە خزمەت بە بەرژەوەندییە سیاسیی و ئەمنیی و ئابورییەکانی ئەمریکا دەکات. لە هەمان کاتیشدا ئەمانە پرسگەلێکن، پەیوەندییان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە هەیە.

٥. بڕیاری ئەمەریکا بۆ دامەزراندنی پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ چین لەسەر بنەمای ئەو چاوەڕوانییە بنیات دەنرێت، کە ئایندەی تایوان بە ڕێگەی ئاشتیيانە دیاری بکرێت.

٦. هەوڵدان بۆ دیاریکردنی داهاتوی تایوان بە ڕێگەی نائاشتیيانە لەوانە بایکۆت یان گەمارۆ، یان بە هەڕەشەکردن لە ئاشتیی و ئاسایش لە ناوچەی ڕۆژئاوای زەریای هێمن بابەتێکە جێگەی نیگەرانی جددی ئەمەریکایە.

٧. دابینکردنی چەک بۆ تایوان بۆ مەبەستی بەرگریی لەخۆکردن.

٨. ئەمریکا بەرەنگاری هەر بەکارهێنانێکی هێز یان جۆرەکانی دیکەی زۆرەملێی دەبێتەوە، کە سیستەمی ئەمنیی یان کۆمەڵایەتیی و ئابوریی تایوان بخەنە مەترسییەوە.

لە دواتردا و بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی فرۆشتنی چەکی ئەمریکا بە تایوان، حکومەتی چین و ئەمریکا لێکتێگەیشتنێکی دیکەیان پەسەند کرد لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی "سێیەمین بەیاننامەی هاوبەش"، کە لە ١٩٨٢/٨/١

ڕاگەیەندرا. چین لە بەیاننامەی ئاماژەپێکراودا بۆ ئەمەریکای دوپاتکردەوە، کە پرسی تایوان بابەتێکی ناوخۆیی چینە و ئەمریکا پابەندە بە هەبونی پەیوەندییەکی تەندروست لەگەڵ چین، پێشێل نەکردنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی چین، دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی چین و دەستبەرداربون لە سیاسەتی "دو چین" یان "یەک چین و یەک تایوان."

هەروەها ئەوەشی دوپاتکردەوە، ئەمریکا هەوڵ نادات سیاسەتێکی درێژخایەنی فرۆشتنی چەک بە تایوان جێبەجێ بکات. فرۆشتنی ئەو چەکانە لە ڕوی چۆنێتیی و چەندایەتییەوە لەو ئاستە تێناپەڕێت، کە لە ساڵانی ڕابردودا لە دوای دامەزراندنی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی نێوان ئەمریکا و چینەوە بۆ تایوان دابینکراوە. بە تێپەڕبونی کاتیش فرۆشتنی چەک بە تایوان کەمدەکاتەوە تا دەگەنە چارەسەری کۆتایی پرسەکە. هەروەها حکومەتی چین و ئەمریکا هەمو هەوڵێک دەدەن بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێن و ڕەخساندنی هەلومەرجێک، کە یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرکردنی هەمەلایەنەی ئەم پرسە. بەڵام ئەمە بەدی نەهات و ئەمریکا بڕیاریدا لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٢دا ١٥٠ فڕۆکەی جەنگی (F16) بە تایوان بفرۆشێت. ئەمەش بەربەستی نوێی بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە زیادکرد (Chaina- US. Embassy of the Republic's Republic of China in the United States of America, 2019).

ئاڵنگاری بەردەم ئەمریکا ئەوەیە، ناتوانێت لە ڕوی دیپلۆماسییەوە دان بە هەریەک لە چین و تایواندا بنێت و ناچارە لەنێوان هەردولادا یەکێکیان هەڵبژێرێت. کێشەی بەردەم چینیش ئەوەیە، ناتوانێت هێز بەکاربهێنێت بۆ لکاندنەوەی تایوان بە خۆی بەبێ ئەوەی پەیوەندییە ئاسایەکانی لەگەڵ ئەمریکا بخاتە مەترسییەوە. وەک سازانێک ئەمریکا دانپێدانانی دیپلۆماسی خۆی لە تایوانەوە گواستەوە بۆ چین، لە هەمان کاتدا پەیوەندییە نافەرمیەکانی لەگەڵ تایوان پاراست و پابەند بو بە پرەنسیپی چارەسەری ئاشتییانەی ئەو پرسە. وا دەردەکەوێت چین و ئەمریکا بە تێپەڕبونی کات سەرەڕای ئەوەی ڕوبەڕوی پرس و کێشەی وەک پرسی تایوان بونەتەوە، بەڵام توانیویانە پارێزگاری لە پەیوەندییەکانی نێوانیان بکەن. دەکرێت ئەمریکا هەندێک ڕێوشوێن بگرێتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی بژاردەی جیابونەوەی تایوان و لە هەمان کاتیشدا بەردەوامی بە فرۆشتنی چەک و پاراستنی تایوان بدات. هەر بۆیە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە پرسی تایواندا و بەردەوامبونی لە سیاسەتی پشتیوانیکردنی تایوان، دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی نیگەرانی و دروستکردنی ژینگەیەکی ناجێگیر بۆ چین بخوێندرێتەوە (Xie, 2014).

لە چەند ساڵی ڕابردوشدا و جارێکی دیکە چین بە شێوەیەکی فەرمی نارەزایەتی بەرانبەر ئەمریکا نیشاندا سەبارەت بە یاسای "دەستپێشخەری ئاسایشی ئاسیا"، کە لە مانگی کانونی دوەمی ٢٠١٨ لەلایەن دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکاوە واژۆکرا. مەبەستی سەرەکی یاساکە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە فەرمیی و سەربازییەکانی نێوان ئەمریکا و تایوان بو. وەزارەتی دەرەوەی چین ئەم یاسایەی بە پێشێلکردنی جددی بنەمای "یەک چین" و ئەو بڕگانە زانی، کە لە بنەماکانی سێ بەیاننامەی هاوبەشی نێوان چین و ئەمریکادا هاتون، هەروەها بە دەستوەردانێکی ئاشکرای کاروباری ناوخۆی چینی لە قەڵەمدا (وكالة أنباء الصينية (شينخوا)، ٢٠١٩).

## باسی چوارەم: ئایندەی سیاسەتی چین و ئەمریکا بەرانبەر بە پرسی تایوان

بۆ پێشبینیکردنی داهاتوی پرسی تایوان سێ ئەگەر و سیناریۆی سەرەکی هەیە، کە لە خوارەوە بە کورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین:

**یەکەم: بەردەوامی دۆخی ئێستا**: ستیڤن واڵت، زانای دیاری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پەیوەندییەکی نزیکی بە تیۆری ڕیالیزمی بەرگرییەوە هەیە. ڕیالیزمی بەرگری، بە پێچەوانەی ڕیالیزمی هێرشبەر، ئەوە پیشان دەدات کە دەوڵەتەکان بە پلەی یەکەم بەدوای ئاسایشدا دەگەڕێن نەک زۆرترین هێز و زۆرجار سیاسەتگەلێک پەیڕەو دەکەن کە یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی دۆخی ئێستا نەک تێکدانی. لەم ڕوانگەیەوە پێدەچێت واڵت لە پرسی تایوان نزیک بێتەوە بە جەختکردنەوە لەسەر ئەو

ڕێگایانەی کە هەردو چین و ئەمریکا بەهۆی پێویستی دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆیانەوە پاڵدەنرێن، نەک فراوانکردنی هێز بۆ باڵادەستی. ڕوانگەی واڵت هاندەری بەشداریکردنی دیپلۆماسی و خۆگرتنی ستراتیژی دەبێت وەک ڕێگەیەک بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان. پێدەچێت ئەو بڵێت کە پەیوەندییەکی ڕون سەبارەت بە مەبەستەکان و پابەندبون بە دۆخی ئێستا (بۆ نمونە، پاراستنی سەربەخۆیی دیفاکتۆی تایوان بەبێ پاڵنانی سەربەخۆیی) باشتر خزمەت بە هەردو بەرژەوەندی ئەمنی ئەمریکا و چین دەکات لە هەڵوێستی سەربازی. بە کورتی، ڕوانگەی ڕیالیستی بەرگریکارانەی واڵت سێگۆشەی ئەمریکا-چین-تایوان بە هۆی نیگەرانییە ئەمنییەکانەوە دەبینێت نەک دەستبەسەرداگرتنی شەڕانگێزی هێز. بۆ واڵت، پاراستنی هاوسەنگییەکی جێگیر لە هێز و دورکەوتنەوە لە ئیستفزازی ناپێویست کلیلی بەڕێوەبردنی ئەم پرسە ئاڵۆزە دەبێت ( Walt, and Mearsheimer, 2006).

ئەم ئەگەرە لەو گریمانەیەوە سەرچاوە دەگرێت ئەو دۆخەی ئێستا هەیە لە نێوان چین و تایوان بەردەوام دەبێت. هەردولا بەبێ هیچ دەستوەردانێکی دەرەکی بەردەوام دەبن لە هەوڵە ئاشتیخوازەکانیان بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە، هاوکات تایوان بەرگری لە مافی سەروەری خۆی دەکات. بۆیە ئەم گریمانەیە زۆرترین ئەگەری هەیە و وەک سەرەتایەکیش دەبینرێت بۆ ئەگەری داهاتوی وەک یەکگرتن لەگەڵ چین یان سەربەخۆیی. ئاماژە و نیشاندەرەکانی بەردەوامی واقیعی ئێستا بریتین لەمانەی خوارەوە (الخنوس، ٢٠٠٣: ١٥٠-١٥١).

١. لە ئێستادا بەهۆی ئەو کێشە ناوخۆییانەی ڕوبەڕوی چین بونەتەوە، بە تایبەت لە لایەن بزوتنەوە جوداخوازییەکان لە تبت و شینجیانگ، چین ئامادەیی ئەوەی نییە تایوان بخاتە پاڵ خۆیەوە.

٢. بە پشتبەستن بە یاسای پەیوەندییەکانی تایوان لە ساڵی ١٩٧٩، ئەمریکا پاڵپشتی سیاسی و سەربازیی تایوان دەکات و ئەگەر چین هێز لە دژی تایوان بەکاربهێنێت، ئەمریکا بەرگریکردن لە تایوان بە مافی خۆی دەزانێت.

٣. بەرزی ئاستی داهاتی تاک و گەشەی ئابوریی تایوان و بونی جیاوازییەکی زۆر لە سیاسەتی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی لە نێوان چین و تایواندا.

٤. خواست و ویستی خەڵکی تایوان بۆ سەربەخۆیی و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییان بەردەوام لە زیادبون و گەشەسەندندایە.

٥. چین لە ئەگەری هەوڵدانی زۆرەملێی بۆ لکاندنی تایوان، ترسی هەیە لە دروستبونی ململانێی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمەریکادا.

٦. لای خۆشیەوە تایوان ترسی ئەوەی هەیە، دەستکەوتەکانی لەگەڵ سەربەخۆبونی لەدەست بدات. بەتایبەتی پاڵپشتی ئەمریکا و ئەو ئاستە پێشکەوتو و گەشەسەندوەی لە بوارەکانی ئابوریی و زانستیی و تەکنۆلۆژییدا پێیگەیشتوە.

بە ڕەچاوکردنی بەردەوامیی واقیعی ئێستا، چین لەو تێگەیشتنەوە، کە تایوان نابێتە بەشێک لێی، بەو پێیەی ئەمریکا بە ڕاوێژکار و کەرەستەی سەربازیی پێشکەوتو پشتیوانی تایوان دەکات. لە ڕاستیدا ئەمریکا سیاسەتێک پەیڕەو دەکات، کە هەر هەوڵێک بۆ دیاریکردنی داهاتوی تایوان بە ڕێگەی نائاشتییانە ڕەتدەکاتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەگەر ئەمەریکا گەرەنتییەکی بێ مەرج بداتە تایوان بۆ ڕێگریکردن لە هەر هێرشێکی چین بۆ سەری، هۆکار دەبێت بۆ هاندانی تایوان بۆ جیابونەوە و سەربەخۆیی. لە بەرانبەریشدا چین بە هێز و ڕێگەی توندوتیژ دژی هەوڵێکی لەو جۆرە دەوەستێتەوە و بەمشێوەیە ناوچەی ئاسیا و زەریای هێمن دەخاتە مەترسییەوە. چونکە ئەمە هانی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دەدات هەمان ڕێگا لە ناوچە جێناکۆکەکاندا پەیڕەو بکەن، بەتایبەتی لە دەریاکانی باشور و ڕۆژهەڵاتی چین (الجنابي، ٢٠٢١: ١٢٥).

**دوەم: یەکگرتنی تایوان لەگەڵ چین**: ئەم ئەگەرە لەو گریمانەیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پرسی گەڕانەوەی تایوان بۆ سەر چین یەکێکە لە گرنگترین ئامانجە ستراتیژییەکانی چین. ئەم هەنگاوە بۆ چین نوێنەرایەتی فاکتەری هێز دەکات و وا دەکات، پێگەی ناوچەیی خۆی بەهێزتر بکات. ئامانجی چین ئەوەیە تایوان ببێتەوە بەشێک لە خۆی، هەر بۆیە هەوڵی شەرعیەتپێدانی

ئامانجەکەی دەدات و لەو پێناوەشدا لەساڵی ١٩٧٨دا سیاسەتی "یەک وڵات، دو سیستەم"ی خستەڕو. دوپاتیشی دەکاتەوە، بە گەڕانەوەی تایوان بۆ لای خۆی گەرەنتی پلەیەکی بەرزی ئۆتۆنۆمی و بەڕێوەبردنی هەمو کاروبارەکان بە تایوان دەدات جگە لە کاروباری دەرەوە.

ئەم سیاسەتەی لەلایەن حکومەتی چینەوە دەگیرێتە بەر، لەلایەن تایوانەوە ڕەتدەکرێتەوە. جگە لەوەش ئەمریکا هەوڵی گەڕانەوەی تایوان بۆ چین نادات لە پێناو لاوازکردنی ڕۆڵی چین لە ناوچەی ئاسیا و زەریای هێمن و دەستەبەرکردنی بونی خۆی لە دورگەی تایوان، کە پێگەیەکی گرنگی جیۆستراتیژیی هەیە و دەڕوانێتە دەریای باشوری چین و بە ڕۆژهەڵاتیشەوە دەیبەستێتەوە. دوای ئەوەی چین بە سیاسەتی "یەک وڵات، دو سیستەم" هۆنگ کۆنگ و پاشان ماکاوی گەڕاندەوە، لە پێناو گەڕاندنەوەی تایوانیش پێدەچێت هەوڵە دیپلۆماسییەکان و بەکارهێنانی ستراتیژێکی ناسەربازیی و ناتوندوتیژ بەردەوامیان هەبێت و ئەگەری بەهێزی چارەسەری کێشەکە بن. بە ڕودانیشی ئابوری تایوان و هۆنگ کۆنگ و ماکاو دەبنە سێقۆڵی ئاڵتونی بەهێز و چینێکی مەزن پێکدەهێنن (عەمار،٢٠١٧: ٣٠٠-٣٠١).

شێواز و ڕێگەی فەرمی چین لەسەر ئەم بابەتە بەسەر دو قۆناغدا دابەشکراوە؛ یەکەمیان قۆناغێکە پێی دەوترێت شێوازی بیرکردنەوەی سەربازی بۆ چارەسەرکردنی پرسی تایوان، کە تا ساڵی ١٩٧٩ بەردەوام بو. باڵادەستی سەربازی چین هاوکار بوە لە ڕێگریکردن لە گرتنەبەری هەر سیاسەتێکی جوداخوازانە لە لایەن تایوانەوە. هەروەک سەرۆکوەزیرانی پێشوی کۆماری میللی چین چو ئێنلای (ژۆو ئێنلای) ئاماژەی بەوەدا، دو ڕێگەی گریمانەیی هەیە بۆ ئەوەی چین کێشەی تایوان چارەسەر بکات، یەکێکیان سەربازییە و ئەوی دیکەیان ئاشتیخوازانەیە، بەڵام چین پێی باشە کێشەکە بە ڕێگەی ئاشتییانە چارەسەر بکات. دوەمیان قۆناغی دیبلۆماسییە، کە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە لە ئەنجامی پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین سەریهەڵدا و گەشەی کرد. لەم چوارچێوەیەدا چین پاشەکشەی کردوە لە ئەگەری بەکارهێنانی ئامراز و ڕێوشوێنە سەربازییەکان بۆ چارەسەرکردنی پرسی تایوان (محمد، ٢٠١٧: ٤٣٠-٤٣١).

لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٧٩ لیژنەی هەمیشەیی کۆنگرەی نەتەوەیی گەل بەیاننامەیەکی ئاڕاستەی گەلی تایوان کرد. جەختی لەوە کردەوە، چین وەک سیاسەتێکی گشتی ڕێگەی ئاشتییانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تایوان پەسەند کردوە و داوای ڕاوێژ و وتوێژی نێوان هەردو لایەنی پرسەکەی کردوە. لەهەمان کاتدا جەختیشی کردوەتەوە لەسەر ڕێزگرتن لە دۆخی ئێستای تایوان و گرتنەبەری سیاسەت و ڕێوشوێنی گونجاو تا ئەو کاتەی یەکگرتنەوەکە بەدی دەهێنرێت. چین لە داهاتویەکی نزیکدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە هەوڵی لکاندنی تایوان بەخۆیەوە نادات، چونکە ترسی ئەوەی هەیە لە ئەگەری دەستوەردانی ئەمریکادا ئەم هەوڵەی شکست بهێنێت، کە بۆ چین دەبێتە هۆکاری سنوردارکردنی سەرکردایەتیکردنی هەرێمیی و بەربەستی بەردەم ئامانجی گەیشتنی بە پێگەیەکی جیهانیی، لە هەمان کاتیشدا سوپای چین دەخاتە بەردەم لاوازی و بژاردەی پارچە پارچەبونەوە. چونکە هێشتا گەشەسەندنی خۆی لە ڕوی ئابوریی، ڕۆشنبیریی و سەربازییەوە تەواو نەکردوە، کە بتوانێت تواناکانی خۆی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەڕاسیۆنی سەربازیی بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە دیاری بکات. لە بەرانبەردا تایوان لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە سەیری پرسی یەکگرتویی لەگەڵ چین دەکات، چونکە خۆی وەک نوێنەری شەرعیی چین دەبینێت. هەر بۆیە حکومەتی کۆمینتانگ لە سیاسەتی خۆیدا بەرانبەر بە چین سیاسەتی سێ نەخێری گرتەبەر (نە پەیوەندی، نە ئیمتیاز و نە موزایەدە) و ڕایگەیاند، ئامانجی لەم سیاسەتە یەکگرتنە لەگەڵ چین لە ژێر سەرکردایەتی خۆیدا و تایوان نوێنەرایەتی تەواوی چین بکات (الخنوس، ٢٠٠٣: ١٤٧).

بۆ بەهێزکردنی پێگەی دانوستانکاری خۆی لەسەر یەکگرتنەوە، تایوان بژاردەی دیکەی بۆ پێشنیازەکەی چین سەبارەت بە بنەمای "یەک وڵات و دو سیستەم" خستەڕو بەم شێوەیەی خوارەوە (الخنوس، ٢٠٠٣: ١٤٨-١٤٩):

١. یەک دەوڵەت بە دو سیستەم: ئەم چەمکە لە بنەما سەرەکییەکانی پارتی کۆمینتانگ (نەتەوەگەرایی، دیموکراسی و خۆشگوزەرانی خەڵک)ەوە سەرچاوە دەگرێت.
٢. دو وڵات - دو سیستەم: تایوان پێیوایە پێویستە سەد ساڵ چاوەڕێ بکرێت تا یەکگرتن لە ئاستی ژیان و داهات و گەشەی ئابوریی لە نێوان تایوان و چین دروست دەبێت، بۆ ئەوەی دۆخەکە تەواو لەبار بێت بۆ گەیشتن بە یەکێتیی و یەکڕیزیی.
٣. یەک وڵات و دو کورسی: بەپێی ئەم پێشنیازە بێت، تایوان دەیەوێت ئەندامێتیی خۆی لە نەتەوە یەکگرتوەکان و دەزگا تایبەتمەندەکانی بگەڕێنێتەوە. ئەمەش بە دانپێدانانی بونی حکومەتێک، کە لەسەر خاکی سەرەکی چین حوکمڕانی دەکات و حکومەتێکی دیکە، کە حوکمڕانی تایوان و دورگەکانی دەکات.
٤. یەک وڵات و دو حکومەت: لەم حاڵەتەدا پێشبینی دەکرێت تایوان ئەو سیاسەتی بەڕێوەبردنە پەیڕەو بکات، کە لە ماوەی بەرخودان و بەرگریکاریی لە دژی داگیرکاریی ژاپۆن لە ساڵانی ١٩٣٧-١٩٤٥ لە چین زاڵ بو. لەم چوارچێوەیەدا دو حکومەت دەبێت، یەکێکیان بە سەرۆکایەتی حزبی کۆمۆنیستی و ئەوی دیکەیان بە سەرۆکایەتی کۆمینتانگ.
٥. یەکگرتنی کەلتور: تایوان پێیوایە پێویستە لێکنزیکبونەوەی کەلتوریی و فەرهەنگیی لە نێوان تایوان و چیندا بەدی بهێنرێت پێش ئەوەی بیر لە گەیشتن بە یەکێتیی و یەکگرتنی سیاسیی بکرێتەوە. لە هەمان کاتدا تایوان پێداگری لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە جیاوازی ئایدیۆلۆژیی نێوان خۆی و چین دەکاتەوە .
٦. دو هەرێم - یەک وڵات: لەم حاڵەتەدا پێشبینی دەکرێت یەکگرتن بە دروستکردنی کۆنفیدراڵییەتێک بەدی بهێنرێت، بەڵام چین پێشتر ئەم پرەنسیپەی ڕەتکردۆتەوە.

ڕەنگە لە ئێستادا ئەگەری یەکگرتن بە ڕێگەی هێز زۆر چاوەڕوانکراو نەبێت، بەڵام ڕەنگە ئەم ئەگەرە زیاتر بێت لەگەڵ باشتربونی توانا سەربازییەکانی چین و نزیکبونەوەی لە ئەمریکا. بەڵام ئەگەر ئەم یەکگرتنە ڕوبدات، هۆکار دەبێت بۆ گۆڕانکاری لە بارودۆخی نوێی ئاسایش و لاوازبونی ڕۆڵی سەربازیی ئەمریکا لە ناوچەی ئاسیا و زەریای هێمن. بۆیە ئەمریکا تا بۆی بکرێت ڕێگە بە چین نادات بەم ئامانجەی خۆی بگات.

**سێیەم: جیابونەوە و سەربەخۆیی تایوان**: لە ڕوانگەی ڕیالیزمی هێرشبەریی و میرشایمەرەوە، سەرهەڵدانی چین نوێنەرایەتی تەحەدایەکی ڕاستەوخۆ دەکات بۆ هەژمونی ناوچەیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. چونکە چین وەک هێزێکی بەرزبوەوە، هەوڵدەدات کاریگەرییەکانی فراوانتر بکات و سنورەکانی خۆی مسۆگەر بکات، ئەمەش بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر کۆنترۆڵکردنی تایوان، کە لەلایەن پەکینەوە وەک بەرژەوەندییەکی نیشتمانیی گرنگ دادەنرێت. لە لایەکی دیکەوە ئەمریکا وەک هەژمونی ناوچەیی ئێستا، بەرەنگاری هەر هەنگاوێکی لەو جۆرە دەبێتەوە بۆ پاراستنی باڵادەستی ستراتیژی خۆی لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە ڕێگەی سیاسەتی درێژخایەنی پشتگیریکردنی تایوانەوە. میرشایمەر دەڵێت ئەم کێبڕکێیە لە ژێر ڕیالیزمی هێرشبەردا نزیکە لە حەتمیی، چونکە داینامیکی پێکهاتەیی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەم زلهێزانە بەرەو ڕوبەڕوبونەوە پاڵدەنێت. پابەندبونی ئەمریکا بە بەرگریکردن لە تایوان وەک بەشێک لە ستراتیژییەکی فراوانتر بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرهەڵدانی چین سەیر دەکرێت، ئەمەش ئەگەری ململانێ زیاد دەکات ئەگەر پەکین بە شێوەیەکی شەڕانگێزانە بەدوای یەکگرتنەوە لەگەڵ تایواندا بگەڕێت (Walt, and Mearsheimer, 2006).

بۆیە پرسی تایوان لەگەڵ تێزە فراوانەکەی میرشایمەردا دەگونجێت سەبارەت بە سروشتی سیاسەتی هێز، لەگەڵ بەهێزبونی چین، ئەمریکا زیاتر هەست بە ناچاری دەکات بۆ بەرپەرچدانەوەی خواستەکانی چین، ئەمەش دەبێتە هۆی پێکدادانێکی ئەگەری. ئەمە بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی ستراتیژی تایوان بۆ هەردو وڵات ڕاستە. بۆ چین، ئەوە پرسێکی

یەكگرتنی نیشتمانییە، لە كاتێكدا بۆ ئەمریكا، نوێنەرایەتی خاڵێكی سەرەكی دەكات لە پاراستنی كاریگەرییەكانی لە ئاسیا (Allison, 2017).

ئەمە یەكێكە لە خراپترین ڕێگا و ئەگەرەكان، كە دەكرێت بۆ چارەسەركردنی كێشەی تایوان بگیرێتە بەر. ڕەنگە وەڵامی چاوەڕوانكراوی چین بەكارهێنانی هێزی سەربازی بێت بۆ ڕێگریكردن لە هەوڵێكی لەم جۆرە. هەرچەند لە دواتردا و بەهۆی بایەخی جیۆپۆلیتیكییەوە ڕەنگە چین ڕووبەڕووی ئەگەری ناكۆكی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریكا بكاتەوە، كە چین بژاردەیەكی لەمشێوەی ناوێت. لە بەرانبەردا تایوانیش ترسی لەم ئەگەرە هەیە، چونكە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئەو دەستكەوتانەی كە بەدەستیهێناوە لە نمونەی پێشكەوتنی ئابوری و پاراستنی ئاسایشی وڵاتەكەی كە لە لایەن ئەمریكاوە دەستەبەر كراوە (الخنوس، ٢٠٠٣: ١٥١-١٥٢).

ئەگەری دەستێوەردانی ئەمریكا بە بەكارهێنانی چەكی ناوەكیی بۆ چارەسەركردنی كێشەكە و پاشان پەرەسەندنی پرسەكە بۆ شەڕێكی فراوانتر، كە ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی هەردولا تێیدا بەشدارین، دەكرێت كاردانەوەی توندی بەدوادا بێت و ببێتە هۆی شەڕێكی سارد لە نێوان ئەمریكا و چین، هاوشێوەی پەیوەندییەكانی ئەمریكا و سۆڤیەت لە سەردەمی جەنگی سارددا (Cliff & Shlapak, 2017: 11).

هەروەها دەكرێت ئەم ململانێیە پەیوەندییە ئابورییەكانی نێوان چین و ئەمریكا تێكبدات و بازرگانی و وەبەرهێنانی هاوبەشی نێوانیان بە شێوەیەكی بەرچاو كەم بكاتەوە یان تەنانەت بوەستێنێت. هەروەها دەكرێت هەر وڵاتێكیان داوای هاوكاری لە هاوپەیمانەكانی بكات لە بەرانبەر ڕكابەرەكەیدا. لە ناو ئەو پێنوێنانەی كە ئەگەری جیابونەوەی تایوان لە داهاتویەكی نزیكدا كەم دەكەنەوە، ئەو ڕاستییەیە، كە سەرمایەدار و بازرگانانی تایوان وەبەرهێنانیان بە بەهای نزیكەی ٦٠ ملیار دۆلاری ئەمریكیی لە چین هەیە. لەبەر ئەم هۆكارە، كۆمپانیا و سەرمایەدارانی تایوان نایانەوێت مەترسی لەسەر داهاتوی بازرگانیی و ئابوریی خۆیان دروست بكەن، و لە حاڵەتی هەڕەشەی جیابونەوەی تایواندا پارە و سەرمایەكانیان بخەنە ژێر دەستی چینەوە (غیفورد، ٢٠١١:٤).

### دەرەنجامەكانی توێژینەوەكە:

لە كۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند دەرەنجامێكی پەیوەندیدار بە پرسی تایوان و هەڵوێستی هەر یەک لە تایوان و چین و ئەمریكا تایبەت بەو پرسە، گرنگترینیان:

١. پرسی تایوان بەهۆی جیاوازی بەرژەوەندی و ئەولەویەتە نیشتمانییەكانەوە وەک سەرچاوەیەكی سەرەكی گرژی و ناكۆكی لە ناوچەكە بەردەوامی دەبێت و دەمێنێتەوە. چونكە لە لایەک چین وەک بەرژەوەندییەكی سەرەكی و ستراتیژیی لە تایوان دەڕوانێت، لە ژێر سیاسەتی "یەک چین"بەدوای یەكگرتنەوەدا دەگەڕێت و هاوشێوەی هۆنگ كۆنگ پێشنیازی (یەک دەوڵەت و دو سیستەم) بۆ تایوان دەكات. لە بەرانبەردا ناسنامەی سیاسیی تایوان كە لە گەشەكردنی خێرا و بەردەوامدایە، مەیلی بەرەو پاراستنی زیاتری سەربەخۆیی خۆی هەیە.

٢. تایوان بە بەردەوامی دژایەتی فشارە سەربازیی و سیاسییەكانی چین دەكات بۆ سەر دورگەكە و پێیوایە چین دەیەوێت لەو ڕێگایانەوە تایوان ناچار بكات بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی چین پەسەند بكات، كە ئەمەش بە هیچ جۆرێک قبوڵكراو نییە. لەگەڵ ئەوەشدا تایوان پێداگری لەسەر ئەوە دەكات كە میراتگری یاسایی و شەرعی تەواوی چینە و هەر دەستدرێژیی و هەڕەشەیەک بۆ سەری و، بۆ بە زۆر لكاندنەوەی بە چین بێ وەڵام نامێنێتەوە و، بەبێ پاڵپشتی ئەمریكاش دەتوانێت بەرگری گەورە لە خۆی بكات.

٣. هەڵوێستی فەرمی ئەمریكاش سەبارەت بە پرسی تایوان بە جۆرێكە بە وردی و لە نزیكەوە چاودێری دۆخی ناوچەكە و تایوان دەكات. لە لایەک لە چل ساڵی ڕابردودا ئەمریكا پابەندێتی خۆی بە سیاسەت و دەستەواژەی "یەک چین" ڕاگەیاندوە. بەو مانایەی تایوانی بە بەشێک لە چین هەژمار كردوە. بەڵام بەو ئۆتۆنۆمییە یان بەم قەوارەی ئێستایەوە، كە چین دەست بۆ

سیستەمی تەکنۆلۆژیا و ئابوری شەفافی تایوان نەبات، دیموکراسی و فرەحیزیی لە تایوان نەڕوخێنێت و ئازادی خەڵکی تایوان لە قاڵب نەدات. ئەمریکا دژی بە زۆرەملێ لکاندنی تایوانە بە چینەوە، هەر پەلامارێکی سەربازیی چین بۆ سەر تایوان ڕەتدەکاتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕێگەی ستراتیژییەتێکی ناڕونەوە و بەهۆی بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکان و هاوسەنگی هێز لە ناوچەی ئاسیا و زەریای هێمندا پشتگیری لە تایوان و دۆخی ئێستای دەکات لە بەرانبەر دەرکەوتن و بەهێزتربونی زیاتری چین لەم ناوچە ستراتیژییەدا.

٤. سیاسەت و مامەڵەی ئێستای ئەمریکا لەبارەی تایوانەوە، پەیوەست و پەیوەندارە بە پێشهاتە جیاوازەکانی سەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی لەوانە جەنگی ئۆکراینا و پشتگیریی چین لە ڕوسیا لە جەنگەکەدا، ئەمریکا دەیەوێت لەم کاتەدا تایوان وەک کارتێکی فشار بەکاربهێنێت بەرانبەر بە چین، بەو هیوایەی لانیکەم ئەگەر چین نەشکاتە نەیاری ڕوسیا، ئەوا پشتگیریشی نەکات. ئاشکراشە جگە لە ڕێگەچارەی ئاشتییانە هەر ڕێگەیەکی دیکە بۆ چارەسەری پرسی تایوان بە تایبەت هەڵگیرساندنی جەنگێکی تازە لە دورگەی تایوان، جیهان دەخاتە دۆخێکی زۆر دژواری ئابوریی و تەنگەژەی گەورەتر لەوەی ڕوسیا دێنێتە کایەوە.

٥. پرسی تایوان لەمڕۆدا بوەتە پرسێکی نێودەوڵەتی هەستیار و ئاڵۆز، دەرکەوتن و سەرهەڵدانی چین وەک زلهێزێکی جیهانی، لە هەمان کاتدا بەشداریی و ڕۆڵی ئەمریکا لە ئاسایشی ناوچەکەدا، هۆکار و ڕێخۆشکەرن بۆ وەڵامدانەوە و کاردانەوەی زیاتری نێودەوڵەتی لەسەر ئەم پرسە. بەرژەوەندی و ستراتیژییەتی جیاواز لە بەشداریی و هەڵوێستی دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بەم ناوچە و کێشە فرەڕەهەندەکانی، فاکتەرن بۆ ئاڵۆزترکردنی پرسی تایوان و ئاسۆکانی چارەسەرکردنیشی ناڕونتر دەکەن.

٦. پەرەسەندنە داینامیکییەکانی نێوان چین و ئەمریکا لە ناوچەکە و جیهانیش، نیشاندەر و ئاماژەی ئەوەن پرسی تایوان وەک خاڵێکی گەرم و هەستیاری نێوانیان دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەگەری پەرەسەندنی زیاتری بەریەککەوتن و گرژییەکان بە تایبەت کە هەردو وڵات هەوڵی سەپاندنی زیاتری کاریگەریی و نفوزیی خۆیان لەو ناوچەیە دەدەن. ماوەتەوە بڵێین چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پەیوەندییە سیاسیی و دیپلۆماسییەکانی هەرسێ لایەنی سەرەکی پرسەکە (تایوان، کۆماری میللی چین و ئەمریکا) لەم ناوچەیەدا کاریگەری بەرچاویشی لە سەر سەقامگیری ناوچەکە و سیستەم و ژینگەی نێودەوڵەتیش دەبێت.

پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێکی گرنگ تایبەت بە پرسی تایوان و لایەنەکانی کێشەکە دەخەینەو، بە ئامانجی فەراهەمکردن و ڕێگەخۆشکردن بۆ چارەسەریی ئاشتییانەی پرسەکە و ڕێگری لە ئاڵۆزیی و قوڵبونەوەی زیاتری قەیران و کێشەکانی ناوچەکە، گرنگترینیان:

١. هاندانی گفتوگۆی سیاسی و دیپلۆماسی بەردەوام لە نێوان چین و تایوان و ئەمریکا بۆ دورکەوتنەوە لە پەرەسەندنی زیاتری ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە و بەرەوپێشبردنی چارەسەری ئاشتییانەی پرسەکە. لە هەمان کاتدا ئەنجامدانی دانوستانی فرەلایەن بە بەشداریی ئەکتەرە ناوچەیی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یارمەتیدەری دروستکردنی چوارچێوەیەکی گونجاو دەبن بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی تایوان.

٢. دانانی پرۆتۆکۆڵێکی ڕونی بەڕێوەبردنی قەیران و ئاڵۆزییەکان هەروەها دروستکردنی کەناڵی پەیوەندی هەمە لایەنە لە نێوان لایەنە پەیوەندارەکان، لە پێناو کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پەرەسەندنی پرسەکە و دروستبونی گرژی زیاتر لە ناوچەکەدا.

٣. ئامادەکاری و هەوڵدانی جددی بۆ دەستپێکردن و پەرەدان بە میکانیزم و ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە دروستکردنی متمانەی نێوان لایەنە جیاوازەکان، وەک ڕێککەوتنی سەربازی ئاشکرا یان پرۆژەی ئابوری هاوبەش لە پێناو کەمکردنەوەی گرژییەکان و زیادکردنی متمانە لە نێوان لایەنەکانی پرسەکە بە تایبەت تایوان و چین و ئەمریکا.

٤. جەختکردنەوە و ئەولەویەتدان بە سەقامگیری ئابوری و نیگەرانییە مرۆییەکان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە ئەگەریی و چاوەڕوانکراوەکان لە ناوچەکەدا، کە دەتوانێت خاڵێکی گرنگ و سەرەکی بێت بۆ هاوکاری و هەماهەنگی نێودەوڵەتی تایبەت بە پرسی تایوان و ئاسایش و ئابوری ناوچەکە.

٥. پێشخستن و هاندانی ڕێبازێکی فرەلایەنە لە پێناو داکۆکیکردن لە بەشداریکردنی زیاتری دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک "نەتەوە یەکگرتووەکان" یان "ئاسیان" بۆ نێوەندگیری و پشتگیریکردن لە چارەسەرە ئاشتییە درێژخایەنەکان کە ڕێز لە بۆچون و هەڵوێستی هەمو لایەنە پەیوەندارەکان بگیرێت.

# The Impact of the International Dimension on the Taiwan Issue: The Official Positions of the People's Republic of China and the United States as an Example

**Rawa Mala Nabi Mahmood[1] - Aram Ahmad Wso[2]**

[1] Department of Law, College of Humanities, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.
[2] Department of Law, College of Humanities, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract:
The aftermath of World War II witnessed significant changes in China, marked by a civil war between the Chinese Communist Party, led by Mao Zedong, and the Chinese Nationalist Party (Kuomintang), led by Chiang Kai-shek. The conflict culminated in a victory for the Communists and the establishment of the People's Republic of China in Beijing in 1949. Chiang Kai-shek and his followers retreated to Taiwan, where they declared the Republic of China with its capital in Taipei. Since then, Taiwan has claimed to be the legitimate government of all Chinese territory. Conversely, the People's Republic of China has sought to reintegrate Taiwan under its "one country, two systems" framework, introduced by the Communist Party in the 1980s. Meanwhile, the United States has supported Taiwan and endeavored to safeguard its interests in the region. The study, entitled *"The Impact of the International Dimension on the Taiwan Issue: The Official Positions of the People's Republic of China and the United States as an Example,"* explores the official stances of the key parties involved in the Taiwan issue. The importance of this study lies in Taiwan's strategic location; any change in its current situation could threaten the regional balance. The study answers several important questions: Is the Taiwan issue a domestic matter, as claimed by China, or is it an international one? What are the official views of China and the United States on the Taiwan issue? The study is based on the premise that the international dimension significantly influences the Taiwan issue, transforming it from a purely domestic matter into an international one. To answer the research questions and hypotheses, the study employs historical and descriptive-analytical methods, alongside neorealist theoretical frameworks, and relies on library-based literature. The discussion is divided into four sections, each addressing the Taiwan issue and presenting the official positions of the People's Republic of China and the United States. The study concludes that while China views the Taiwan issue as a domestic matter, aiming to resolve it through the "one country, two systems" principle, the active involvement of the United States in regional affairs complicates the situation and further internationalizes the issue.

**Keywords:** Taiwan, Taiwan issue, Republic of China, People’s Republic of China, United States.

## سەرچاوەکان


بەرزنجی، دانا صالح و علی، کارزان عمر (٢٠٢٢). شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەکی لە ڕوانگەی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێوە، مجلة الدراسات السياسية و الأمنية، السلمانية، المجلد (الخامس) العدد (الاول).

حسین، شمال (٢٠١٨). پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان "چەمک و بنەماکان- مێژو و قۆناغەکان- تێز و تیۆرییەکان"، نوسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم، هەولێر.

فەرەج، ئەنوەر محمد (٢٠١٨). تیۆری ڕیالیزم لە پەیوەندییە نێوەدەوڵەتییەکاندا، وەرگێڕانی: خەلیل کەریم و ئەحمەد علی، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

قادر، پەروێز ڕەحیم (٢٠٢٠). ئاسایش و ناسنامەی نەتەوەیی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

دار النشر الصينية عبر القارات (1997): أسئلة وأجوبة حول "مسألة تايوان وإعادة توحيد الصين ."بكين: دار النشر الصينية عبر القارات.

مكتب الإعلام التابع لمجلس الدولة لجمهورية الصين الشعبية (2018): الحقائق وموقف الصين من الاحتكاك الاقتصادي والتجاري بين الصين والولايات المتحدة .بكين: دار النشر باللغات الأجنبية.

مكتب الإعلام التابع لمجلس الدولة (1993): مسألة تايوان وإعادة توحيد الصين .بكين: مكتب الإعلام التابع لمجلس الدولة.

بينغ، شي جين (2014): *حول الإدارة والحكم* .ط1، بكين: دار النشر باللغات الأجنبية.

دار الجليل للنشر والدراسات والأبحاث الفلسطينية (2013): *ملفات ساخنة -1 حرب التحكم الآلي: سلاح الحرب الخامس* .ط1، عمان: دار الجليل للنشر والدراسات والأبحاث الفلسطينية.

شعراوي، سالي نبيل (2018): *العلاقات الصينية الأمريكية وأثر التحول في النظام الدولي* .ط1، القاهرة: دار العربي للنشر والتوزيع.

الشواف، عبد المعين (2016): *الصين المارد القادم من الشرق* .ط1، الرياض: دار الشواف للنشر والتوزيع.

عثمان، حسام الدين إبراهيم (2012): *موسوعة دول العالم* .ط1، القاهرة: دار العلوم للنشر والتوزيع.

عمار، عمرو (2017): *نهاية القرن الأمريكي وبداية القرن الأوراسي: الحزام الاقتصادي وطريق الحرير* .ط1، القاهرة: دار سما للنشر والتوزيع.

القصير، ماهر بن إبراهيم (2017): المشروع الأوراسي: من الإقليمية إلى الدولية .ط2، لندن: دار النشر.E- kutub LTD .

يونس، يونس مؤيد (2015): *أدوار القوى الأسيوية الكبرى في التوازن الاستراتيجي في آسيا بعد الحرب الباردة وآفاقها المستقبلية* .عمان: الأكاديميون للنشر والتوزيع.

بورشتاين، دانييل و دي كيزا، أرنية (2001): *المفكرون: دراسة تاريخية للأفكار السياسية* .ترجمة: شوقي جلال. الكويت: مطابع الوطن.

تشاين، بينغ قونغ (2005): الدفاع الوطني الصيني .ترجمة: فريدة وانغ فو. بكين: دار النشر الصينية عبر القارات.

جاك، مارتن (2010): حينما تحكم الصين العالم .ترجمة: فاطمة نصر. القاهرة: سطور حديدية.

جيا، شانغ باي (2017): التجربة الصينية: الماضي والحاضر والمستقبل .ترجمة: مريم محسن وآخرون. ط1، القاهرة: العربي للنشر والتوزيع.

شنكار، أديد (2005): العصر الصيني .ترجمة: سعيد الحسنية. بيروت: الدار العربية للعلوم.

غيفورد، روب (2011): طريق الصين .ترجمة: محمد محمود التوبة. ط2، الرياض: دار العبيكان للنشر والتوزيع.

مكنامارا، روبرت س. و باليت، جيمس ج. (2003): تقليص خطر النزاعات والقتل والكوارث .ترجمة: هشام الدجاني. ط1، الرياض: دار العبيكان للنشر والتوزيع.

ميرشايمر، جون (٢٠٠٥). صدام الجبائرة من الأفضل أن تكون وحشاً لا ان تكون وديعاً، النسخة العربي من مجلة فورين بوليسي Foreign Policy.

البدراني، عدنان (2016): أثر التوتر المقيد في السياسة الخارجية الصينية تجاه تايوان .مجلة جيل للدراسات السياسية والعلاقات الدولية، طرابلس- لبنان، العدد 5، آذار.

عبد، ابتسام محمد (2005): الإستراتيجية الأمريكية حيال تايوان .مجلة دراسات دولية، العدد 26، مركز الدراسات الدولية، جامعة بغداد.

عبده، احمد جلال محمود، (٢٠٢٢). أثر الأزمة التايوانية على التوازن الاستراتيجي في شرقي آسيا:(العلاقات الصينية الأمريكية 2016 – 2022 : دراسة حالة)، مجلة كلية السياسة والاقتصاد - جامعة السويس.

غانم، السيد عبد المطلب (2007): "دراسة علمية للقيم الأسيوية ."في: هدى ميتكيس (محرر(، القيم الأسيوية .مركز الدراسات الأسيوية، جامعة القاهرة.

محمد، أياد جاسم (2017): محددات العلاقات الصينية الأمريكية في الربع الأخير من القرن العشرين .مجلة الجامعة العراقية، كلية الإعلام، بغداد، العدد 36/2.

الخنوس، أنس عادل **(2003)**: *تايوان: دراسة في الجغرافية السياسية* .رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية ابن رشد، بغداد.

أحمد، عز العرب **(2015)**: *خطة الصين الكبرى لبحر الصين الجنوبي* .جريدة الوفد، 20 أغسطس، الجيزة. متاح على : [ https://www.alwafd.news/essay/1491تم الوصول إليه في: ٢٠٢٣/١٢/١٨].

الأمم المتحدة، **(2007)**: *اللجنة العامة ترفض إدراج طلب تايوان للانضمام للأمم المتحدة ضمن جدول أعمال الدورة الثانية والستين* 19 . سبتمبر. متاح على https://news.un.org/ar/story/2007/09/73362 : [تم الوصول إليه في: ٢٠٢٤/١/١٤].

وكالة الأنباء الصينية شينخوا **(2020)**: *التجارة عبر مضيق تايوان تسجل رقما قياسيا في 2020* 16 .يناير. متاح على : [ https://arabic.news.cn/2021-01/14/cتم الوصول إليه في: ٢٠٢٣/١٢/٢٤].

وكالة الأنباء الصينية شينخوا، **(2019)**: *الصين تقدم إحتجاجا رسميا للولايات المتحدة بشأن قانون متعلق بتايوان* 1 .فبراير. متاح على : [ https://arabic.news.cn/2019-01/02/c_137715409تم الوصول إليه في: ٢٠٢٤/١/ ٠٨].

China-U.S. 1st Joint Statement (2024): *Embassy of the People's Republic of China in the United States of America*. Available at : http://www.china-embassy.org/eng/zmgx/doc/ctc/. (Accessed on 08 February 2024].

China-U.S. 2nd Joint Statement(2024): *Embassy of the People's Republic of China in the United States of America*. Available at: http://www.china-embassy.org/eng/zmgx/doc/ctc. (Accessed on 11 Feb .2024].

Ministry of Foreign Affairs Republic of China (Taiwan), (2024): *Diplomatic Allies*. Available at: https://www.mofa.gov.tw/en/News3.aspx?n=4BAF9BD5400A05D9&sms=BA5E856472F10901. [Accessed on 15 February 2024].

*The Library of Congress*, Washington (2024):The text is also published in: https://www.congress.gov/bill/96th-congress/house-bill/2479. (Accessed on 21 January 2024].

The text of Potsdam conference (1945):*The Library of Congress*. Available at: https://www.loc.gov/collections/united-states-treaties-and-other-international-agreements. [Accessed on 18 January 2024].

The text of Taiwan Relations Act (2024): *American Institute in Taiwan*, Taipei. Available at: https://www.ait.org.tw/our-relationship/policy-history/key-u-s-foreign-policy-documents-region/taiwan-relations-act. [Accessed on 21 January 2024].

The Year Book of Taiwan, Republic of China (Taiwan) (2016): Taipei, The text of Cairo conference 1943, *The Library of Congress* (2024): Available at: https://www.loc.gov/collections/united-states-treaties-and-other-international-agreements. [Accessed on 16 January 2024]. The text is also published in *National Diet Library* Tokyo (2024): Available at: https://www.ndl.go.jp/constitution/e/shiryo/01/002_46shoshi.html. [Accessed on 16 January 2024].

Allison, Graham. Destined for War: Can America and China Escape Thucydides's Trap? Houghton Mifflin Harcourt, 2017.

Carpenter, T.G. (2006): *America's coming war with China*. 1st ed. New York: St. Martin's Press.

Dittmer, L. (2017): *Taiwan and China: Fitful embrace*. 1st ed. California: University of California Press.

Faculty of Social Sciences, Institute of Political Studies, Department of International Relations, Charles University.Availableat:https://dspace.cuni.cz/bitstream/handle/20.500.11956/118653/120474138.pdf?sequence=1&isAllowed=y . [Accessed on 04 March 2024].

Mersheimer, John (1995). The False Promise of Internationals, International Security Vol 19, No.3. winter (1994-1995). The MIT Press.

Stepar, R. (2020): *China's sharp power: How China seeks to influence and coerce its neighbours*. [online]

Walt, M. Stephan (1986); Alliance: Balancing and Bandwagoning, in Stephan M. Walt. (Eds). The Origins of Alliances, Cornell University Press.

Yang, F., et al. (2002): *Contemporary China and its foreign policy*. Beijing: World Affairs Press.

Yang, L.L., Tseng, M., Hwang, J., Madden, C. and Marchant, J.S., eds. (2018): *2018-2019 Taiwan at a Glance*. 1st ed. Taipei: Ministry of Foreign Affairs, Republic of China (Taiwan).

Cantwell, D. (2014): Hybrid Warfare: Aggression and Coercion in the Gray Zone. *ASIL Insights*.

Forde, S. (1995). International Realism and the Science of Politics: Thucydides, Machiavelli, and Neorealism. International Studies Quarterly, 39(2), 141-160 .doi:10.2307/2600844.

Liou, J. (2015): Seriously Facing the Promulgation of CPC United Front Guidelines. *Prospect & Exploration*, 13(11).

Rose, Gideon, (1998), "Neoclassical Realism and Theories of Foreign Policy." World Politics, vol. 51, no. 1, http://www.jstor.org/stable/25054068.

Walt, Stephen and Mearsheimer, John J. (2006). "The Israel Lobby and U.S. Foreign Policy." KSG Faculty Research Working Paper Series RWP06.

Waltz, Kenneth, N. (2000); "Structural Realism after the cold war," International Security, Vol. 25, No. 1, (summer). Available At: http://www.columbia.edu/itc/sipa/U6800/readings (Accessed: 09.10.2024).

Xie, H. (2014): The Impacts of the Taiwan Issue on Sino-US Relations. *Open Journal of Political Science*. Shanghai-Hongkong Development Institute, Fudan University, Shanghai.

Bush, R.C. (2017): What Xi Jinping said about Taiwan at the 19th Party Congress. *Brookings*. [online] 19 October. Available at: https://www.brookings.edu/articles/what-xi-jinping-said-about-taiwan-at-the-19th-party [Accessed 22 March 2020].

Cliff, R. & Shlapak, D.A. (2017): *U.S.-China Relations after Resolution of Taiwan's Status*. Santa Monica, Calif (2024): RAND Corporation (Available at: https://www.rand.org/pubs/monographs/MG567.html. [Accessed on 10April2024.

Cole, M. (2017): China Intensifies Disinformation Campaign Against Taiwan. *Taiwan Sentinel*. [online] 19 January. Available at: https://sentinel.tw/china-disinformation-tw [Accessed on 13 March 2024].

Denyer, S. (2018): Taiwan battles a brain drain as China aims to woo young talent. *The Washington Post*. [online] 15 April. Available at: https://www.washingtonpost.com/world/asia_pacific/taiwan-battles-a-brain-drain-as-china-aims-to-woo-young-talent-away. [Accessed on 26 March 2024].

Doshi, R. (2017): Xi Jinping Just Made It Clear Where China's Foreign Policy is Headed. *The Washington Post*. 25 Oct. Available at: https://www.washingtonpost.com/news/monkey-cage/wp/2017/10/25/xi-jinping-just-made-it-clear-where-chinas-foreign-policy. [Accessed on 22 March 2024].

Horton, C. (2017): Taiwan Suspects Pro-China Party of Passing Information to Beijing. *The New York Times*. [online] 20 December. Available at: https://www.nytimes.com/2017/12/20/world/asia/taiwan-chin-new-party. [Accessed on 24 March 2024].

Hsiao, R., (2018): Cross-Strait Aviation and Beijing's Hybrid Warfare. *Taiwan Insight*. [online] 21 February. Available at: https://taiwaninsight.org/2018/02/21/the-politics-of-cross-strait-aviation-and-beijings-hybrid-warfare. [Accessed on 30 March 2024].

Ministry of Foreign Affairs of the People's Republic of China (2004): A policy of "one country, two systems" on Taiwan. *Ministry of Foreign Affairs of the People's Republic of China*. [online] Available at: https://www.fmprc.gov.cn/mfa_eng/ziliao_665539/3602_665543/3604_665547/t18027.shtml. [Accessed on 24 March 2024].

White, E. (2017): Alarm in Taiwan over triad ties to pro-China groups. *Financial Times*. [online] 12 October. Available at: https://www.ft.com/content/b09de5d0-aa76-11e7-93c-648314d2c72. [Accessed on 28 March 2024].

World Population Review (2019): Taiwan Population 2019. *World Population Review*. 12 May. Available at: http://worldpopulationreview.com/countries/taiwan-population. [Accessed on 11 March 2024].

Aydın, Mustafa (2004). Uluslararası İlişkilerin ''Gerçekçi'' Teorisi: Kökeni, Kapsamı, Kritiği, Uluslararası İlişkiler Dergisi, 1,1.

Doğanlar, M. Enes (2021). Neorealist Teori Bağlaminda Çin Diş Politika Stratejilerinin Değerlendirmesi, Avrupa Birliği Ve Uluslararasi İlişkiler Enstitüsü Siyaset Bilimi Ve Uluslararasi İlişkiler Anabilim Dali Uluslararasi İlişkiler Tezli Yüksek Lisans Programi, Başkent Üniversitesi.

Waltz, Kenneth (2015). Uluslararası Politika Teorisi, çev. Osman S. Binatlı, (Ankara, Phoenix Yayınevi).